حەمەسەعید حەسەن

# نامەیەک لە هەولێرەوە

* حەمەسەعید حەسەن
* نامەیەک لە هەولێرەوە
* چاپی یەکەم
* ستۆکهۆڵم 2000
* بنکەی خەرمانە
* نیگاری بەرگ: دی کونینگ

ISBN 91-973944- 0- 8

بڵاوکردنەوەی سەر ئینتێەرنێت

کۆچەر
KOÇER

www.dengekurd.com

## ناواخن

پەیامنێرتان لە سەرایێڤۆوە ............................................................ ٥
نامەیەک لە هەولێرەوە ............................................................ ١٠
دوو پەسیار و یەک وەڵام ............................................................ ١٣
بژی ئەو مشکەی زەنگۆڵەکە دەکاتە ملی مشکەکە ................................. ١٦
پڵنگێک لە پەشمەک ............................................................ ١٨
تیرۆر و ڕاگوێزان ............................................................ ٢٠
عەشرەت هاوارە ............................................................ ٢٢
خەیار و فرۆید ............................................................ ٢٤
بەختیار و شەنداخ ............................................................ ٢٦
یەک کتێب و سێ حیزب ............................................................ ٢٨
خەباتی نهێنی ............................................................ ٣٠
١٣ی حوزەیرانی ١٩٩٤ ............................................................ ٣٢
مردن بە دەم فڕینەوە ............................................................ ٣٥
بۆ هونەرمەندێکی یاخی ............................................................ ٣٧
ئیبراهیم ئەحمەد ............................................................ ٤٠
بەرەو تاریکی ............................................................ ٤٢
قوربانی ............................................................ ٤٤
بڕینی لووتی نڤار ............................................................ ٤٦


KOÇER www.dengekurd.com

* ئەوی تەنیا بیر لە قازانجی خۆی بکاتەوە، دەشێ ماڵی ئاوەدان بێ، بەڵام ناخی چۆڵەوانییە.

* نووسین: یەکلاییکردنەوەی کێشەکانە لەگەڵ ناخپووچەکاندا. ‹جان جینێ›



KOÇER www.dengekurd.com

## پەیامنێرتان لە سەرایێڤۆوە

مردن ئەوەندەی کراسەکەی بەرم لێمەوە نزیکە. زلاتا

هاوینی ١٩٩٣چەند کەسێک لە ‹یونیسێف›ەوە سەردانی سەرایێڤۆیان کرد، لەوێ دوای پێوەندیکردن بە مندالآنەوە، داوایان لێ کردن دەفتەری بیرەوەرییەکانی رۆژانەی خۆیان بخوێننەوە. بیرەوەرییەکانی زلاتا، کیژۆڵەی یازدە سالآن، سەرنجی راکێشان. رۆژنامەنووسێکی فەرەنسایی بیرەوەرییەکانی زلاتای نیشانی دەزگایەکی بلاوکردنەوەی فەرەنسایی دا. دەزگاکە یەکسەر بڕیاری بلاوکردنەوەی بیرەوەرییەکانی زلاتای دا. زلاتا لە بیرەوەرییەکانیدا هەندێ جار خەو بەوەوە دەبینێ، ببێتە باڵندەیەک و بفڕێ و دۆزەخی سەرایێڤۆ جێ بهێڵێ. زلاتا باس لە ژیانی مندالآنی سایەی شەڕ دەکات و پێی وایە شەڕەکە، شەڕی نێوان سەرب و کروات و موسڵمان نییە، بەڵکو شەڕی نێوان پرووپووچەکانە.
دوای وتوویژی نهێنیی نێوان پیاوێکی فەرەنسایی و دەسەلآتدارانی سەرب، زلاتا و خێزانەکەی سەرایێڤۆیان جێ هێشت و گەیشتنە پاریس. یەکەم کاری زلاتا لە پاریس ئەوە بوو: جووتێ پێلاوی نوێی کڕی، چونکە پێلاوە کۆنەکانی کە دوو ساڵ بوو لە پێی دەکردن، تەواو بە پێی بچووک بووبوونەوە. ئاخر لە سەرایێڤۆ نە پێلاو هەیە، نە ئاو، نە کارەبا، نە خۆراک. لەوێ حەفتا هەزار مندالٌ لە هەلومەرجێکی گەلێک دژواردا، لە سێبەری ئەو شەڕە نەفرەتییەدا ‹ژیان› بەسەر دەبەن. زلاتا نوێنەری ئەو مندالآنەیە بۆ سەراپای جیهان و باس لە ژیانی مندالٌی ناوجەرگەی شەڕی ناوخۆ دەکات، بەرزترین ئاواتیشی ئەوەیە: بە دیداری ولآتەکەی شاد بێتەوە، بە مەرجێ ئاشتی سەروەر بێ، نەک شەڕ.

**چەند لاپەڕەیەک لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی زلاتا**

دایکم گەرچی سەروەرم دەگری، کەچی دەیەوێ لێمی بشارێتەوە، بەلآم من هەموو شتێک دەبینم. دەزانم لێرە چ باسە. دەبینم ئاشتی کۆترێ بوو، کوژرا. شەڕ لەناکاو خۆی گەیاندە شارەکەمان، ماڵەکەمان، بیر و ژیانمان.

١٨ـ ٤ ـ ١٩٩٢

سەلما گورچیلەیەکی لە دەست دا. نینایش مرد، پارچە تۆپێ بەر سەری کەوت. نینا کچێکی جوان و ڕووخۆش بوو، لە باخچەی مندالآنەوە پێکەوە بووین و هەمیشە پێکەوە یاریمان دەکرد. بەڕاست ئیدی هەرگیز نایبینمەوە! نینا کچێکی بێتاوانی یازدە سالآن بوو، بووە قوربانیی شەڕێکی کەرانە. پەستم و دەپرسم بۆچی؟ ئەو هیچی نەکردبوو. ئای چ شەڕێکی پیسە، ژیانی مندالآنی خاپوور


KOÇER www.dengekurd.com

کـردووه. نینا: هـەرگـیـز لە بیـرت ناکـەم.

١٩٩٢ ـ ٥ ـ ٧

هەر مرۆڤە و دەکوژرێ، بێ ئەوەی کەسێ بتوانێ بە هاواریانەوە بچێ. خوایە ئەمە چییـە ڕوو دەدا؟ ئەوەندە پەست و تووڕەم، حەز دەکـەم بقیـژێنم و هەرچی هەیە و نییە تێکی بشکێنم.

١٣ ـ ٥ ـ ١٩٩٢

دەسـەڵاتدارانی شەڕخـواز نە هیچ سـەبارەت بە ئەوین دەزانن، نە مـەبەسـتیـشیـانە هیـچ ڕزگـار بکەن. ئەوان تەنیـا سـووتانـدن، تێکدان و خـاپوورکـردن دەزانن. ‹زێترا›یشیـان سووتاند، ئەو گۆڕەپانە دڵگیرەی جێگەی یارییە ئۆڵۆمپییەکان بوو. وا هەست دەکەم هیچ شتێ ڕزگاری نابێ.

١٩٩٢ ـ ٥ ـ ٢٥

نەخۆشخـانەی ژنان، ئەو جێیەی منی تێدا لە دایک بووم، ئەویشیـان سووتاند. ئەو وەختەی ئاگر لە نەخۆشخانەکەوە بڵند دەبووەوە، هاوکات دوو ژن منداڵیان دەبوو. خـوایە: خـەڵکی دەکوژرێن، شـتومـەک دەسـووتێن، منداڵ لەناو کڵپـەی ئاگردا لە دایک دەبێ.

١٩٩٢ ـ ٥ ـ ٣٠

خەمناکی، تەقە، تۆپباران، ڕەشەکوژی، بێئومێدی، برسێتی، کوێرەوەری و ترس، ئەمەیە ژیانی من، ژیانی کچە قوتابییەکی بێتاوانی یازدە ساڵان. کچە قوتابییەکی بێ قـوتابخـانە، بێ شـادی. منداڵێکی بێ یاری، بێ هەڤاڵ، بێ خـۆر، بێ مـەل، بێ سـروشت، بێ مـیوە و بێ شـیـرینی. ئەوی هـەیە تـەنیا نەخـتێ شـیـری وشکە، بە کورتییـەکەی منداڵێکی بێ منداڵێتی. منداڵێکی سەردەمی شەڕ. ئێستا دەزانم کە من لە ناوچـەرگـەی شـەڕدا دەژیم. من بینەری شـەڕێکی پۆخڵم کە خـوازیاری نیم. من و هـەزاران منداڵـی دیکـەی ئەم شـارە، کــە خـــەریکە بـە تەواوی کـاول دەبێ، هەنسک هەڵدەدەین، دەگرین و داوای یارمەتی دەکەین، بەڵام کەس بە دەنگمـانەوە نایە. خـوایە گـیـان: کـاتێ دێت، ئەم شـەڕە کـۆتایی بێت؟ کـاتێ دێت بچـمـەوە قـوتابخـانە؟ کـاتێ دێت، خـۆشی لە ژیانـی منداڵیم ببـینم؟ بیـسـتـوومـە مـنداڵـی خۆشترین سەردەمی ژیانە، کەچی ئەوەتا ئەم شـەڕە پۆخڵـە منداڵێتیی لێ دزیوم. هەست دەکەم زۆر پەستم، دەمەوێ بگریم، دەگریم.

١٩٩٢ ـ ٦ ـ ٢٩

من لە ژێرزەمیندا ژیان بەسـەر دەبەم و منداڵانـی دیکەیش پشـووی هـاوینیـانە و لە کـەناری زەریا مــەلە دەکـەن و خـۆیان دەدەنـە بەر خـۆر. خـوایە چیم کـردبوو تا شیاوی ژیانی ژێر سێبـەری ئەم شەڕە نەفرەتییە بم و بە شێوەیەک بژیم کە هیچ منداڵێک نابێ وەها بژی؟



KOÇER www.dengekurd.com

هەواڵێکی ناخۆشی دیکە: کوڕێک کە پێکەوە لە گرووپێکدا ئەدەبمان دەخوێند، کوژرا. ئەویش پارچەی تۆپی بەر کەوت. ئای چەند کوڕێکی دلۆڤان بوو! خوایە گیان ئیتر بەس نییە؟

١٥ ـ ٩ ـ ١٩٩٢

بەهار هات و ڕۆیشت. هاوین هات و ڕۆیشت. ئێستا پاییزە، ئوکتۆبەر دەستی پێ کرد و شەڕ هەر بەردەوامە. خوایە گیان کەس هەیە بیر لە ئێمە بکاتەوە؟ چۆن ئەم زستانە بێ کارەبا، بێ ئاو، بێ گاز لەناو شەڕدا بەسەر بەرین؟

١ ـ ١٠ ـ ١٩٩٢

سیاسەت هیچی نوێی تێدا نییە. ئەوان وتووێژ دەکەن و بڕیار دەدەن و ئێمە دەکوژرێین، ڕەق دەبینەوە، لە برساندا دەمرین، دەگریین، لە هاوڕێکانمان جیا دەبینەوە و هەرە خۆشەویستەکانمان بەجێ دەهێڵین.
زۆر هەوڵ دەدەم لەم سیاسەتە کەرانەیە تێبگەم، چونکە دەزانم سیاسەت بوو کارێکی کرد شەڕ هەڵبگیرسێ و درێژەی هەبێ و ژیانمان لێ ببێتە دۆزەخ. لە نێوان هاوڕێکانمدا، لە نێوان هاوڕێکانی خێزانەکەمدا، خەڵکی کروات و سەرب و موسڵمان هەن. هاوڕێکانمان کۆمەڵێ خەڵکی تێکەڵن و هەرگیز نەمزانیوە کامیان کرواتە، سەربە، یان موسڵمان؟ نازانم بۆچی سیاسەت لە یەکترمان دادەبڕێ؟ ئێمە خۆمان دەمانزانی کێ چاکە و کێ خراپ. من بچووکم و سیاسەت کاری گەورەکانە، بەڵام وای بۆ دەچم، ئێمەی بچووک چاکتر سیاسەتمان دەکرد. بەهەرحاڵ دڵنیام هەرگیز شەڕمان هەڵنەدەبژارد.

١٩ ـ ١١ ـ ١٩٩٣

دنیا زۆر ساردە، زستان بە ڕاستی هات. جاران زستانم خۆش دەویست و خۆشیم لێ دەبینی، بەڵام ئێستا زستان میوانێکی ئێسکگرانە. گوڵەکانمان لە سەرمادا سیس هەڵگەڕاون، لەو ژوورەن کە ناتوانین گەرمی بکەین. ئێستا خۆمان لە مووبەقەکە دەژین، تەنیا لەوێ ئاگر دەکەینەوە و هەر لەوێش دەخەوین. مەپرسە لێم لەسەر پیجامەکانمەوە چەند بلووزم لە بەردایە. ئێستا مووبەقەکەمان: مووبەقە، ژووری دانیشتنە، ژووری نووستنە و سەرشۆرکیشە.

٦ ـ ١٢ ـ ١٩٩٢

دوێنێ ئاهەنگی لەدایکبوونی حارس بوو. بەڕاستی خۆش بوو. خەڵکێکی زۆر هاتبوون. گەر گەورەکان نەیانکردایە بە باسی سیاسەت، زۆر خۆشتریش دەبوو. تا سنووری مردن بە دەست سیاسەتەوە ماندووم.

١٥ ـ ٢ ـ ١٩٩٣

نە درەخت ماوە، نە مەل، شەڕ ئەوانیشی لە ناو برد. بەهارە و جریوە و جووکەی مەل نابیستریێن. کۆتر کە سیمبۆلی سەرائێڤۆ بوو، قڕی تێ کەوت. نە منداڵی دەم


KOÇER www.dengekurd.com

بە پێکەنین ماوە، نە یاری. منداڵ ئیدی منداڵ نین، منداڵێتییان لە دەست داوە. وا پێ دەچێ سەرایێڤۆ لەسەرەخۆ بمرێ و بزر بێ. ژیان بەرەو بزربوون هەنگاو دەنێ.

چۆن هەست بە بەهار بکەم؟ چۆن بەهار دەبێتە نیشانەی ژیان، کە ژیان خۆی بوونی نەبێ؟ لێرە لەوە دەچێ هەموو شتێ مردبێ. پەستم و پەستتر دەبم. هەر کە بیر دەکەمەوە، خەمباری دامدەگرێ.

١٥ ـ ٣ ـ ١٩٩٣

هەست بە پەستی و ترس دەکەم. دەپرسم: ئاخۆ دەیانەوێ ناچارم بکەن بەرەو کوێ بڕۆم؟ دەپرسم: بۆچی هێمنی و منداڵێتیمیان زەوت کرد؟ جاران بە زەردەخەنەوە بەرەو ڕووی هەموو ڕۆژێکی نوێ دەبوومەوە. هەموو ڕۆژێکم جوانیی خۆی هەبوو. جاران خۆشیم لە خۆر دەبینی، یاریم دەکرد، گۆرانیم دەگوت. بە کورتی خۆشیم لە منداڵێتیم دەبینی. تاقە شتێ کە حەز دەکەم بیڵێم: ئاشتییە، ئاشتی.

١٧ ـ ٧ ـ ١٩٩٣

ئەمڕۆ زیکا شتێکی زۆر گرنگ و دڵڕفێنی دامێ، پرتەقاڵێکی ڕاستەقینەی تازە. دایکم گوتی: ئا بێنە با بزانم بیرم ماوە پرتەقاڵ چۆن پاک دەکرێ؟ باش بوو لە بیری مابوو، ئای کە ئاودار و خۆش بوو.

٥ ـ ٩ ـ ١٩٩٣

ناتوانم بڕوا بکەم. ئەمڕۆیش تۆپێک کوڕێکی سێ ساڵانی کوشت و خوشک و دایکیشی بریندار کرد. پازدە هەزار کەس لە خەڵکی سەرایێڤۆ بوونە قوربانیی گەمەی سیاسەت. لەوانە سێ هەزاریان منداڵ بوون. پەنجا هەزاری تر بریندار بوون و زۆریان دەست و لاقیان پەڕی. گۆڕستانەکان جێگەی تەرمی تریان لێ نابێتەوە. دەشێ تەنیا لەبەر ئەمە، ئیتر ئەم شێتییە بەس بێ.

١٧ ـ ٩ ـ ١٩٩٣

يارییە مێژووییەکەی نێوان شەڕ و ئاشتی ئەمجارەیش دوایی هات. هەمدیسانەوە ئاشتی دۆڕاندی. منیش فێری سیاسەت بووم.

٢١ ـ ٩ ـ ١٩٩٣

**سەرایێڤۆ = سلێمانی**

هاوزەمان لەگەڵ نوێبوونەوەی شەڕی ناوخۆدا لە خوارووی کوردستان، خەریکی خوێندنەوەی بیرەوەرییەکانی زلاتا بووم. زلاتا تەنیا باسی خۆی ناکا، تەنیا باسی منداڵانی سەرایێڤۆ ناکا، باسی هەموو منداڵانی سایەی شەڕ، لە هەر کوێیەک بن، دەکا.

زلاتا فێری کردم زاراوەی شەڕی براکوژی ڕەت بکەمەوە و بە دوای زاراوەیەکی

ڕاستتردا بگەڕێم. ئەوانەی ئێستا لە خوارووی کوردستان ئاگری شەڕ هەڵدەگیرسێنن و ئەوانەیشی سەرقاڵی بۆسەنانەوە و پەلاماردان و کوشتوبڕن، واتە: ئەوانەی بڕیاری شەڕ دەدەن و ئەوانەیشی جێبەجێی دەکەن و بە باڵایدا هەڵدەڵێن، سەر بە هەر لایەنێ بن، برای کورد نین، دوژمنی سەرسەختی ئێستا و داهاتووی کوردن. ئەوانە بازرگانانی خوێنن، تەوروەشێنەکانی شاخ و مافیاکانی شارن. لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا کەسانی پڕوپووچ هەن، ئەوانە پڕوپووچەکانی کۆمەڵگای کوردەوارین.

‹ئەوە کانیاوی خوێنە بە کۆڵان و شەقامەکانی شارەکەمدا ڕێ دەکا و خوڕەی دێ، بۆیە زلهێزەکان بێ دەنگن، ئەگەر نەوت بووایە لە مێژ بوو هاتبوون و ئاشتییان سەپاندبوو.›

ئەمە قسەی پیاوێکی دینداری سەرایێڤۆیە، زۆرم لەسەر ئەو شەڕە بەر گوێ کەوتووە و خوێندۆتەوە، هێشتا قسەیەکی لەوە ڕاستترم نەبیستووە و نەدیوە. ئەو قسەیە بۆ سلێمانی و هەموو شارەکانی دیکەی باشووری کوردستان، هەر جێی خۆیەتی.

1994. 07. 02

* سەرچاوەی ئەم نووسینە: ‹بیرەوەرییەکانی زلاتا›یە، کە لویسەموێل لە فەرەنساییەوە کردوویە بە سوێدی و دەزگای بڵاوکردنەوەی ڕێختەر لە ماڵموێ ـ سوێد، لە سەرەتای ١٩٩٤دا چاپی کردووە.
Zlata Filipovic, ZLATAS DAGBOK, Aöversättning: Louise Moell, Richters förlag 1994 Malmö

** ئەگەر سەرکردەکانی کورد، بیرەوەرییەکانی زلاتا بخوێننەوە، دەشێ لەم منداڵەوە فێری بیرەوەری نووسینەوە ببن.


KOÇER www.dengekurd.com

داگیرکردنی هەولێر لە لایەن یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە، هەر وەک داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە دێتە بەر چاوم. وای بۆ دەچم ئەم سەرکەوتنە کاتییەی ی. ن. ک بە شکستێکی مێژوویی دوایی بێ، هەر وەک چۆن عێراق سەرەتا سەرکەوتنی بە دەست هێنا و دواتر بە جۆرێ شکستی خوارد، کە مەحاڵە بگەڕێتەوە دۆخی جارانی.

ناتوانم بڵێم ڕەوتاری چەکدارانی یەکێتی لە شاری هەولێردا، لە هەڵسوکەوتی بەعسییەکان دەچێ لە سەروەختی ئەنفالدا. نەء لەو ناچێ، هەندێ جار تەواو وەک ئەوە. یەکێتی ئەوەی سەلماند، دەبوو ڕێکخراوێک بووایە سەر بە حیزبی دایک، مەبەستم بەعسە. سەیرە تا ئێستا یەکیان نەگرتووە.

داگیرکردنی هەولێر لایەنێکی گەشی تێدایە: خەڵکی هەولێر لە نزیکەوە بە کرۆکی یەکێتی ئاشنا بوو. ئەگەر جەماوەری هەولێر بتوانن وەک چۆن بەعسیان شاربەدەر کرد، ئاوایش یەکێتی وەدەرنێن، زەحمەتە ی. ن. ک ڕێی بکەوێتەوە هەولێر، یان کە گەڕایەوە هەر هێندەی گەڕانەوەی بەعس، پێشوازیی لێ دەکرێ.

چونکە پێشمەرگەکانی یەکێتی هەر خەریکی دزی، تالانی، کوشتوبڕ و فڕاندنن، لە ناو خەڵکدا بە حەرەس قەومی ناوبانگیان ڕۆییوە. لە بیرت دێ کاتی خۆی کتێبێ بە ناوی ‹المنحرفون›ەوە لەمەڕ ڕەوتاری حەرەس قەومییەکان دەرچوو، ئاخۆ لە داهاتوودا چەند کتێب بە هەمان ناوەڕۆکەوە لەسەر نەوەی نوێی هەڵۆ سوورەکانی قەندیل دەربچێ؟

فیلمێکی ڕووسی هەبوو، کارێکی بەناوبانگی ئەزنیشتێن بوو، ناوی زرێپۆش پوتێمکین بوو، یەکێتی کۆنە زرێپۆشێکی لەوەی هەیە، ‹کە دڵنیام ئەگەر پۆلیسی هاتوچۆ هەبێ، نە لەپشکنیندا دەردەچێ و نە ســــاڵانەی ســـاڵانەی بۆ نوێ دەکرێتەوە،› بەو زرێپۆشە ژەنگنەوە، هێرش بکاتە سەر هەر شوێنێ، دەیگرێ، هەر بەوە ‹نەخۆشخانەی ڕزگاری›یشی ڕزگار کرد. ئەو کۆنە زرێپۆشە چۆن هێندە چالاکە؟ نهێنییەکە هیچ کەس پەی پێ نابا، وەلێ بەوەدا پەڕۆی سەوزی پێوەیە و لە شەخسە پەڕۆینەیەکی گەڕۆک دەچێ، دەشێ شوفێرەکەی هەڵگری گیانی خاوێنی پیاوچاکێک بێ.

شێرکۆ بێکەس وا باسی قارەمانی شیعرەکانی دەکات، ‹بە تایبەتی ئەوانەی سەر بە یەکێتین،› وەک باسی دڕندەی جەنگەڵ بکات. چەکدارانی یەکێتی، لە هەولێر شێرکۆیان بە درۆ خستەوە، ئاخر دڕندە لەو چەکدارانە دلۆڤانترە.

هەتا باسی شەڕ لە گۆڕێدا نەبوو، نەوشیروان مستەفا لە لەندەن، سەبارەت بە


KOÇER www.dengekurd.com

کۆمارەکەی قازی محەمەد، خەریکی نووسینی کتێب بوو. هەر کە زانی زەمینەی شەڕ لەبارە، گەڕایەوە. وای بۆ دەچم هەر کە بەشەڕهاتووان پێک هاتنەوە، بگەڕێتەوە بۆ لەندەن و کتێبێ دەربارەی مەملەکەتەکەی شێخ مەحموود بنووسێ.*

ئاخۆ پێش کۆسرەت هیچ سەرەکوەزیرانێ ماڵی ئەندامانی وەزارەتەکەی خۆی تالان کردبێ؟ سەرەکوەزیران هەیە دەستی بەسەر شتومەکی ئەو پەرلەمانتارانەیشدا گرتبێ، کە متمانەیان پێ بەخشیبێ!

بێ گومانم نەفیر عامەکەی مام جەلالت بیستووە. خەڵکی دەپرسن: ئەرێ بە ڕاست ئەو سەرکردە مێژووییە، دوای کیمیاباران، ئەنفال، یان دوای کۆڕەوەکە و گەڕانەوەی بەعس، بۆچی جاڕی نەفیر عامی نەدا؟

بیست ساڵە مام جەلال دەیەوێ تۆڵەی ئەو گۆڵە مێژووییە بکاتەوە، کە بارزانی لە یازدەی ئاداری ١٩٧٠دا لێی کرد. بریا گەمەی سیاسەتیش وەک یاریی تۆپێ پێ بووایە، دوای سەعات و نیوێک، دەرکەوتبا، کام لا دۆڕاوە.

جاران پاسۆک بە جنێوفرۆش ناوی دەرکردبوو. ئەگەرچی پاسۆک سەریان کردەوە بە قاوغی پارتیدا، کەچی ژمارەی جنێوفرۆش لە ناو ڕیزە پتەوەکانی یەکێتیدا ڕوو لە هەورازە. لەم ڕۆژانەدا ڕادیۆی یەکێتی لە بواری جنێو داهێناندا پاسۆکی وا بەزاند، مەگەر کەوەکەی فەرەج وەها بەزێنرابێ.

یەکێتی لە ڕابردوودا بە ئێرانی سەلماند، ئەم خزمەتکارێکی بەوەفاترە لە پارتی. پێ دەچێ سەرقاڵی ئەوە بێ، هەمان بەڵگە بداتە دەست تورکیایش. ئای ئەگەر تورکیا یەکێتی بە خزمەتکاری پلەی یەک ڕابگرێ، ئەوسا مەگەر خوا خۆی بزانێ حاڵی پ. ک. ک چەند شڕ دەبێ! یەکێتی یان خزمەتی داگیرکەر ناکا، یان کە کردی، بە گوێزێک گرەو لە هەموو قەزوانخۆرەکان دەباتەوە.

لە کوردستان برسێتی و ترس دوو هاندەری چاکن، بۆ ئەوەی خەڵکی لە ناو لایەنە بەشەڕچووەکاندا خۆیان ببیننەوە. ئەوە سەیرە لە ئەورووپایش کەسانی وا هەبن، لایەنی شەڕخوازان بگرن. لە وڵاتانی پێشکەوتوو، خەڵکی بۆیە تێکەڵی سیاسەت دەبن، تا لە ڕێی لایەنێکەوە بۆ جوانتر کردنی ژیان کۆشش بکەن، لە کوردستان ئەوی سەر بە لایەنی دەسەڵاتدار نەبێ، نان نییە بیخوا. لای ئێمە حیزبایەتی: پیشەیە، کاسبییە، بازرگانییە. دوو مانگە هەر حیزبی و چەکدار مووچەیان وەرگرتووە، دەنا کرێکار و کارمەند، هەر بە ئۆکسجین دەژین.

لە سەردەمی بەعسدا ئەوی بەشداری قادسییەی سەدامی نەکردبا، ڕژێم هیچ داخوازییەکی بۆ جێبەجێ نەدەکرد. ئێستایش هەرچی لە قادسییەی جەلالدا چالاکی نەنواندبێ، ڕێی بکەوێتە هەر دەزگایەکی ژێر کۆنترۆڵی یەکێتی، ئیشی ناڕوا.

یەکێ لە سەرئەنجامەکانی ‹ام المعارک› ڕابوونی خەڵکی خوارووی عێراق و


KOÇER www.dengekurd.com

کوردستان بوو، به ڕووی ڕژێمدا، بریا دوای ئەم ‹ام الگمارگ›ەیش** خەڵکی کوردستان ڕادەبوونەوە و ناڵێم کوردستانێکی ئازاد و بێ چەوساندنەوە، ئەوەیان دووره، وڵاتێکی بێ چەکداری پارتی و یەکێتییان دادەمەزراند.
دەزانی جیاوازی نێوان کەو و پێشمەرگە کە هەردووکیان شەیدای چیان، چییە؟ کەو لە شاخ ئازادە و لە شاردا خەڵکی لە قەفەزدا بەندی دەکەن، بەڵام پێشمەرگە کە دێتە شارەوە، خەڵکی بەند دەکا. خۆزگە وەک چۆن ماسی دوور لە ئاو ناژی، چەکداریش دوور لە شاخ نەژیابا.

1995. 01. 22

* جێی سەرنجە هەندێ لە کتێبەکانی نەوشیروان مستەفا تەئلیف نین، تەجمیعن.
** ام المعارک: شەڕی دووەمی کەنداو. ام الگمارگ: هێمایە بۆ خاڵی گومرگی ئیبراهیم خەلیل.
‹غسان الامام›

‹حیزبی شیوعی عێراق لە بری ئەوەی دۆستی بارزانی بێ، کە پیاوی ئێرانی سەر بە سەنتۆیە، دەبوو وەک ئێمە دۆستی حیزبی بەعس بێ، کە سۆشیالیستە و ئیعترافیشی بە ئەڵمانیای ڕۆژهەلات کردووە.› ئەمە یەکێ بوو لەو ڕەخنانەی لە کۆتایی سالانی شەستدا، نەوشیروان مستەفا لە گۆڤاری ڕزگاری دا ئاڕاستەی حشع ی کردبوو. کەواتە ناپاکییش شتێکی ڕێژەییە، دەشێ ئەوی من بە ناپاکیی تێ دەگەم، کەسێکی دیکە بە نیشتمانپەروەریی لە قەڵەم بدات.

چونکە ‹پ د ک› و ‹ی ن ک› دوو باڵی یەک بزووتنەوەی نەتەوایەتین، ‹زۆرن ئەوانەی ئەو دوو لایەنە بە نەتەوەیی نازانن، بەلام من یەکێک نیم لەوانە،› ناپاکیی لەم حاڵەتەدا، هاوکاریکردنە لەگەڵ دوژمنی داگیرکەردا. دوژمنی داگیرکەر هەر ڕژێمی عێراق نییە، ڕژێمەکانی سوریا، تورکیا و ئێرانیشە.

ناپاکیی مەزنی نەتەوایەتی لە باشووری کوردستان لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ەوە دەست پێ ناکا، بەڵکو لای کەم لە ناوەڕاستی سالانی شەستەوە بووە بە بەشێکی گرنگ لە کلتووری بزووتنەوەی نەتەوایەتی. من لە نیوەی دووەمی سالانی شەستدا بە چاوی خۆم سەرانی ‹یەکێتی›م دیوە، بە سواری تانکی ڕژێمی عێراق بەرەو کاولکردنی گوندەکانی شارباژێڕ بە ڕێ کەوتوون. نامەی وەزیری جەنگی عێراقم دیوە کە لە ناخی دڵییەوە سوپاسی گەرمی ئەو باڵەی بزووتنەوەی کوردایەتی دەکا، کە هاوسەنگەری عێراق بوون و زەبری کوشندەیان لە باڵی بارزانی وەشاند بوو.

ئەوی لە ٣١ی ئابی ٩٦دا ڕوویدا، هەر درێژەپێدانی ئەو ستراتیژە دێرینە بوو، شتێکی نوێ نەبوو، مەگەر تەنیا لای جەلال تاڵەبانی کوتوپڕی بوو بێ، ئاخر ئەو هەرگیز لەو جۆرە لووتانەی نەبووە، کە بۆنی مەترسیی پێش ڕوودانی دەکەن. نەوشیروان مستەفا لە دوا ڕۆژی دوا مانگی ساڵی ١٩٦٩دا دەنووسێ: ‹بزووتنەوە بە کرێ گیراوەکەی مەلا مستەفا تا دێت لە چارەنووسی ڕەش و تاریکی نزیک دەبێتەوە.›(١) کەچی سێ مانگ بەسەر ئەو ‹پێشبینی›یەدا ڕانەبورد، بارزانی ئەوانی کرد بە پەندی زەمانە. وەک چۆن کەشناس ‹مێترۆلۆگ› دەزانێ سبەینێ باران دەبارێ یان بەفر، هەتاو دەبێ یان هەور، دەبێ سەرکردەیش پێشبینی ڕووداوەکان بکا، نەک پرخەی گوێی گای ، دراوسێش هەراسان بکا.

مێژوو لە بیری نەچۆتەوە کە لە سەردەمی بارزانیی باوکیشدا، سەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی ‹دیوی ئێران› لە کوردستانی ‹دیوی عێراق› تیرۆر دەکران و تەرمیان دەدرایەوە دەست ڕژێمی شا، تا بە شاراندا بیانگێڕێ و لووتی


KOÇER www.dengekurd.com

خەڵکی کوردیان پێ بشکێنێ. ئەم ڕۆڵە ئێستا ‹پ د ک› نایگێڕێ، چونکە ‹ی ن ک› و ‹پ ک ک› لەم بوارەدا پشتی ئەویان لە زەوی داوە.

هەر لێرەدا پێم باشە ئەوەیش بڵێمەوە، کە کاتی خۆی بۆیە لە ‹ح ش ع› کشامەوە چونکە هاوپەیمانی ڕژێمی داگیرکەری بەغدا بوو. ئەوسا و ئێستایش پێم وایە حیزبی کرێکاران نەک هەر دەبێ لە کێشەی نێوان گەلانی سەردەست و بندەستدا، لایەنی گەلانی ژێردەست بگرێ، بەڵکو دەبێ هەوڵ بدا جڵەوی ئەسپی بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانیشی بە دەستەوە بێ، بەڵام زۆرن ئەوانەی کاتێ ‹ح ش ع› هاوپەیمانی یان ڕاستتر کلکی بەعس بوو، بە دڵ و بە گیان لە گەڵی بوون، کەچی کە لەو هەڵوێستەی کە ناپاکیی چینایەتی بوو، پاشگەزبووەوە و بانگی مافی بڕیاردانی چارەنووسی بۆ گەلی کوردستان دا، لێی کشانەوە. ئەو عێراقچییە توندڕەوانەی جاران، ئێستا کوردستانچی توندڕەون. توندڕەوان ڕاست بن یان چەپ، پۆشاکی کۆمۆنیستانە بپۆشن، یان هی نەتەوەییانە، هەر ئاو بە هەمان ئاشدا دەکەن، ئاشی داگیرکەرانی کوردستان.

گەرچی لەسەر وەختی ڕوودانی ناپاکییەکاندا، چ ٣٠ی تەممووزی ٩٦ کە چەکدارانی ‹ی ن ک› لە باشماخەوە تا کۆیە پێش پاسداران کەوتن، چ ئەو کاتانەیشی ‹پ د ک› پێش لەشکری عێراق و دواتر هی تورکیایش کەوت و سەبارەت بەو قەسابخانانەیش یەکێتی بۆ کوردی ڕۆژهەڵاتی سازکردوون، بە ساتیر و بە شێوەی دیکەیش هەڵوێستم نواندووە، بەڵام لە مێژە پێم وایە کاتی ڕەخنەگرتن لەو دوو لایەنە ‹بەش بە حاڵی خۆم› بەسەر چووە، چونکە ڕاستییەکەی بە درێژایی ژیانم ڕۆژێ ئومێدم بەو دوو لایەنە نەبووە تا لەم دواییەدا لێیان نائومێد بووبێتم. ‹پ د ک› لای من هەرگیز شەراب نەبووە، تا لە ٣١ی ئابدا بوو بێ بە سرکە، لای من ئەویش وەک یەکێتی هەر لە سەرەتاوە سرکە بووە.(٢) من خەو بە باشوورێکی بێ بەعسی، ئیسلامی، یەکێتی، پارتی و پ ک ک ەوە دەبینم.

وەک چۆن ٣١ی ئابی ٩٦ سەرەتای پێش لەشکری عێراق کەوتن نەبوو، هەروایش ١٤ی ئایاری ٩٧ سەرەتای پێش سوپای تورکیا کەوتن نەبوو، چونکە لە پاییزی ١٩٩٢یشدا ‹ینک› و ‹پدک› بۆ لێدانی ‹پکک› پێش جەندرمەی تورک کەوتن. لە ‹پاشای عەرشی کەلاوە›دا کاتی خۆی باسی ئەو ناپاکییەشم کرد، ئەگەرچی ئەو سەردەمە ڕەخنەگرتن لە حکومەتە ساواکەی هەرێم، لە خانەی کوفردا بوو.

کە یەکێتی تا ئێستا بە تەنیا پێش سوپای تورک نەکەوتووە، لە کوردستانی بوونییەوە نییە، بەڵکو جوگرافیا یارمەتی نادات، ئەگەرنا لە پارتی خراپتری بە ‹پ ک ک› دەکرد و بە هەرزانتریش. نامەی جەلال تاڵەبانیم بە خەتی خۆی دیوە کە داوا لە تورکیا دەکات، متمانەی پێ بکەن و بۆ قەلاچۆکردنی ‹پ ک ک› سوود لە


KOÇER www.dengekurd.com

توانای وەربگرن. ‹پکک› یش وەنەبێ پەرێزی هێندە خاوێن بێ، بەڵکو لە بواری دەست لەگەڵ داگیرکەران تێکەڵکردندا، ‹سوریا، ئێران و عێراق› بە چەقالەیەک پێشی پارتی و یەکێتییە قەزوانخۆرەکانی دایەوە. بزووتنەوەی چەکداری لە کوردستان، بە چاو پۆشین لە سەرچاوەکەی، یان دەرژێتە سەر گۆمی ناپاکی، یان وشک دەکا، یان هەردووکیان.

‹هەر نووسینێ دژی دەسەڵات نەبێ، بێ مانایە، تێ ناگەم چۆن هەندێ کەس خۆیان بە نووسەر و شاعیر دەزانن و بە باڵای دەسەڵاتدارانیشدا هەڵدەڵێن.›(٣) ئەوی ستایشی جەللادان بکا و لایەنی ناپاکان بگرێ، ئەوە جنێو بە قوربانییەکان دەدا، ئەو کەسە با بە خەیاڵی خۆی لایشی وابێ، سواری ئەسپی نوێترین شەپۆلی ئەدەبیی بووە، بەڵام هەر کۆنەپارێزە. ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە کە سەددام حوسێن لە شێوەنی ‹بکوژی› لۆرکادا بنووسێ: ‹فرانکۆ یەکێ بوو لە شاسوارەکانی ئەم سەردەمە.›(٤) بەڵام ئەوە نائاساییە شاعیرێک ستایشی ئەو لایەنە ناپاکە بکات، کە دەستی بە خوێنی ئەبوبەکر عەلیی شاعیر سوورە. شێرکۆ بێکەس، کەمال میراودەلی و ڕەفیق سابیر ئەگەر بەرژەوەندیی تایبەتییان لەبەر چاو نەگرتبا، بەشدارییان لە چەسپاندنی کولتووری ناپاکیدا نەدەکرد و لە کێشەی نێوان دەسەڵاتدارانی جەللاد و نووسەرانی قوربانیشدا، سەنگەری جەللادانیان هەڵنەدەبژارد.

دوو ساڵێ لەمەوبەر ساتیرێکم بە ناونیشانی ‹جیاوازی› بۆ کەمال میراودەلی فاکس کرد، تێیدا ڕەخنەم لە یەکێتی و پارتی گرتبوو، ناوبراو لە ‹هەتاو›دا، تەنیا ئەو کۆپلەیەی لێ بڵاوکردەوە کە دژی بنەماڵەی بارزانی بوو، زانیم ئەو بەشەی نانێکی بۆ ئەو بە نێوچاوانەوە بووە، منیش چونکە هەرگیز لەگەڵ نانبڕینی کەسدا نیم، لێی بێ دەنگ بووم. بە هیوام لە بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانمدا ‹کۆنتراکت› یش وەک هەتاوم لەگەڵ نەکا.

1998. 07. 03

(١) لە شیری هەتا پیری، سەعد عەبدوڵڵا ل٦٨ چ. ڕۆشنبیری ١٩٩٨ هەولێر.

(٢) سوودم لە قسەیەکی هێرمان هێسە وەرگرتووە.

(٣) الروح الحیە ـ جیل الستینات فی العراق، فاضل العزاوی ص ٢٢٠ دار المدی ١٩٩٧ دمشق.

(٤) هەمان سەرچاوە ل ٢٤٨


KOÇER www.dengekurd.com

زۆربەی سەرانی کورد دەڵێن: ‹ئێمە شەڕخواز نین، دوژمن ناچاری کردووین پەنا بۆ شەڕ ببەین. ئێمە شەیدای خەباتی شەقامی بەرین و هۆڵی گەشی پەرلەمانین، دوژمن ناچاری خەباتی چەکداریی کردووین.›

کەواتە دوژمن بکەرە و ئێمە بەرکار، خەباتی ئێمە کاردانەوەی کاری ئەوە! دوژمن شێواز و وەخت و شوێنی خەباتمان بۆ دیاری دەکا، کە دەبوو بە پێچەوانەوە بێ و بڕیار لە ویستی خۆمانەوە سەرچاوە بگرێ.

جاران دوژمن پەکەکەی ناچار کردبوو بە خەباتی پارتیزانی کوردستانی بەرین ڕزگار بکا، ئێستا ناچاری کردووە بە شێوازی هێندە نەرم و نیان، تا ڕادەی خۆ بە دەست دوژمنەوە دان، داوای دیموکراتی بۆ تورکیا بکا!

بە پێچەوانەی ئەو سەرکردانەوە، ڕۆشنبیری ڕاستەقینە خۆی شێوازی خەبات هەڵدەبژێرێ. هەمیشە خۆی بکەرە و نەیارانی نەک هەر شێوازی تێکۆشانی بۆ دەستنیشان ناکەن، بەڵکو پێشبینی هیچ هەنگاوێکی داهاتوویشی ناکەن و هەردەم لە هەڵوێستی هێرشبردندایە و هەرگیز لێ ناگەڕێ تۆپ لە گۆڕەپانیدا سەرخەو بشکێنێ.

نهێنی لەوەدا چییە، ڕۆشنبیرێ دەتوانێ بکەر بێ و ئەو سەرکردانە ناتوانن؟ چونکە ئەم خەباتگێڕە و ئەوان بازرگان. چونکە ئەم چەکێکی پیرۆزی بە دەستەوەیە و ئەوان چەکێکی پۆخڵیان بە شانەوەیە. چونکە ئەم لە دووی ڕاستی وێڵە و ئەوان لە دووی بەرژەوەندی تایبەتی. چونکە ئەم بۆ خۆی ڕادەکا و ئەوان بۆ ڕاوچی.

ڕۆشنبیری بکەر ئامۆژگاری بازرگانان ناکا، کە ڕووی دەمیشیان تێ دەکا، هەمیشە مەبەستی لاقرتی پێ کردنیانە، کەچی هەندێ لەوانە قوتیلەی ئەقڵیان هێندە کزە، دەیانەوێ ڕێی خەباتی بۆ ڕوشن بکەنەوە!

سەدان لاوی کورد بە زەردەخەنەوە پێشوازی لە مردن دەکەن و ئۆجالانیش هەر لە باڵەفڕەکەدا، سەر بۆ دوژمن نەوی دەکات و لە بیری دەچێتەوە کە سەرۆکی نەتەوەیی کوردە و دەبێژێ: دایکم تورکە و ئامادەم لە خزمەتی تورکیادا بم! بەزەییم بە ئیسماعیل بێشکچیدا دێتەوە، کە نەک هەر دایکی، باوکیشی تورکە و لەسەر ئێمە خۆی بەو دەردە برد.

ئۆجالان پێش ئەوەی بە باڵای ئەتاتورکیشدا هەڵبڵێ، دەمزانی پیاوێکی خۆڕاگر نییە، لەبەر ئەوە نا کە داهاتوو دەخوێنمەوە، لە سۆنگەی ئەوەوە، جەللاد کوڕی تەنگانە نییە. ئاخر ئەویش لەناو ڕێکخستنەکەی خۆیدا، جەللادێکی ڕاستەقینە


KOÇER www.dengekurd.com

بوو. هەمــوو ئەوانەی شــێـری مــاڵەوەن، ڕێویـی دەرەوەن. بەرامـبــەر پەکـەکـە و سەراپای ڕێکخستنەکانی دیکەی کوردستان، سەرۆکی نەتەوەیی، پڵنگی جەنگەڵ بوو، کەچی بەرامبەر داگیرکەر مەڕی پێغەمبەر بوو.

ئۆجالان کە ملی دانەواند و داوای لێبوردنی لە دوژمن کرد و ئامادەیی خۆی بۆ خــزمــەتکردنی داگــیـرکــەر نیـشــان دا، بەوانـە گــەورەترین سـووکــایەتی بە خۆبەختکردووان و خەباتگێڕانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەی کرد. دەیان کەس بۆ پشتگیری کردن لەو، ئاگریان بەردایە جەستەیان، کەچی ئەو تکای لە جەللادەکانی دەکرد، ئازاری نەدەن!

نیلسۆن ماندێلا کە دەستگیر کرا، هەر لە سەرەتاوە بە هاوڕێکانی گوت: بەڵێن بێ لەژێر باری دژوارترین گوشـاریشـدا، نە لاوازی نیشـان بدەم و نە دەست لە هیچ داخوازییەکی گەلەکەم هەڵبگرم. ئەو گەورە پیاوە لە زینداندا بەرامبەر دوژمن ڕەق بوو وەکـوو بەرد، بەڵام کـە دەسـتـەڵاتی گـرتە دەست، بیـری لـە تۆڵەسـەندنەوە نەکردەوە و تا بڵێی دڵفراوان بوو.

هەست بە شەرمەزاری دەکەم کە بە درێژایی مێژوو، پێم شک نایە سەرکردەی هێندەی ئۆجـالان لاواز، لە ناو هیچ مـیللەتێکی دیکەدا هەڵکەوتبێ. ئەو بۆ پاراسـتنی ژیانی خـۆی، چەندی زێدەڕۆیی لە خـۆ بەدەسـتـەوەداندا کـردووە، ئەوەندەی تریش دەکا، تازە بە جـۆرێ بەرەو هـەڵدێر خلۆربۆتەوە، مـەحـاڵە خـۆی بگرێتەوە.

باسی شۆڕشگێڕە مەزنەکان ناکەم، سەعید قەزازی وەزیری ناوخۆی سەردەمی پاشـایەتی عـێراق، کـە پەتی سـێدارەیان کـردە ملی، بە جـەللادەکـانی گـوت: ئێسـتـایش پاژنەی کـەوشـەکـانم لە تەپڵی سـەرتان بڵندترە. بۆتۆ ئەگـەر داوای بەخشـینی کردبا، زیائولحـەق نەیدەکوشت، بەڵام لە نێوان مـردن و سـەرشـۆڕیدا، یەکەمیانی هەڵبژارد.

مـیللەتێ سـەرکـردەی وەک ئۆجـالانی تێدا هەڵبکەوێ، نووسـەری وەک کـەمـال میراودەلیشی تێدا هەڵدەکەوێ، بیانوو بۆ لاوازییەکانی ئاپۆی ببینێتەوە.

1999. 10. 25


KOÇER www.dengekurd.com

له حـوزەیرانی ٦٧دا کـه عـەرەب تووشی نسکۆ هات، ناسـر خـۆی به بەرپرسی یەکـەمی ئـەو شکانه له قـەڵەم دا و بڕیاری دەست له کـارکـێشـانەوەی دا. کـه له ئاداری ٧٥دا ئەسپەکەی بارزانی گلا، نکوڵی له نسکۆی بزووتنەوەکەی نەکرد و گۆڕەپانەکەی چۆڵکرد. مەگەر دیکتاتۆرێکی وەک سەدام پێستی ڕووی هێنده زبر بێ، تێکشکانه ئابڕووبەرەکانی به سـەرکـەوتنی مـەزن بـۆ خـۆی تۆمـاربکا. یان مـەگەر دۆنکیخـۆتەیەکی وەک ئۆجـالان، لاوازییـەکانی وەک ڕێبـازێکی نوێ، بەسـەر ئەم کورده بەستەزمانەدا ساغ بکاتەوە، دەنا تەنانەت هیتلەریش شـەرمی دەفامی، ئەگەرنا گڕی له جەستەی خۆی بەرنەدەدا.
پڵنگەکـانی زەکـەریا تـامـیـر نۆ ڕۆژ بـەرگـری دەکـەن، لـه ڕۆژی دەیەمـدا دەست هەڵدەبڕن. پڵنگەکەی لەمەڕ ئێمـه، هەر بـه ئاسمانەوه کەوی دەبێ. ئێسـتا قسـه لەسـەر ئەوه نیـیـه، کـه ئاپۆ پڵنگێکی مـاڵییـه یان نا؟ سـۆڵجـەنسـتـین گـوتەنی پرسیارەکه ئەوەیه: چۆن هێنده زوو گەیشته بنی زەلکاوەکە؟
ئاخۆ چ هێزێکی کاریزمایی له پشتی ئاپۆوەیه، وا دەتوانێ له زەلکاویشەوە، درێژه به فـەرمـان دەرکـردن بدات؟ ئاخـۆ کـام بەنگ ئەوانەی سـڕ کردووە، کـه هێـشـتـا ملکەچی فەرمانەکانی ئاپۆن؟
شێخ سـەعید ‹کە له پێناوی قوتارکردنی گیانیدا، له کوردایەتی پاشگەز بووەوە،› ئەگـەر لەسـێداره نەدرابا، دوور نـەبوو هەنووکـه وەک ڕووخـاو ناوی هـاتبا. قـازی محەمەد ‹کە جاڕی کۆماری کوردستانی دا و دواتر به پیر لەشکری داگیرکەرەوه چوو،› ئەگەر هەڵنەواسرابا، کێ دەڵێ ئێستا وەک بەزیو ناوی نەدەهات؟
ئۆجـالان کـه ئـازاد بـوو، بۆ گـوشـار خـسـتنه سـەر تورکـیـا، کارتێ بوو به دەست دەوڵەتانەوە، ئێـسـتـا کـه دیله، کلیلێکه تورکـیـا دەیەوێ به له سـێـداره نەدانی، دەرگای ماڵی ئەورووپای به ڕووی خۆیدا پێ بکاتەوە.
ئای له بەدبەختی ئۆجـالان، تا زێتر بژی، قـازانجی زێتر بـه داگیرکـەر دەگەیەنێ. ئەگەر تورکیا له سێدارەی نەدا، ئەوا هـەر کە باسی سـەرکردەی لەبەردەم دوژمندا به چۆکدا هـاتوو، بێتـه پێشـەوە، ئاپۆ باشـترین نمـوونه دەبێ. پێ ناچێ تورکیـای ئێستا هێنده گێل بێ، له داروپەردووی ڕووخاوێک، تەلاری قارەمانێک ڕۆ بنێ.
هـەر ئـەو ڕووداوەی که چارەنووسی شێخ سەعیدی وەک تراژیدیا نەخشاند، ئەوەتا دووباره دەبێـتـەوە، بەڵام ئەمـجـارەیان قـارەمـانـی ڕووداو: ئاپۆیە و تراژیدیایش: گاڵتەجاڕی.
هـەڵوێسـتی ئۆجـالان هێنده لاوازە، پارێزەرەکـەی ناچار بووه مـێژووی کـوردی بۆ


KOÇER www.dengekurd.com

بگێڕێتەوە. کە ئەمە باڵای ورەی سەرۆکی نەتەوەیی کورد بێ، ئیدی دوژمنانی کورد بۆچی قاقا پێنەکەنن؟ ئیدی کورد بۆچی خورخور نەگری؟
مەزڵووم دۆغان کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پەکەکە بوو، لە ڕۆژی جەژنی نەورۆزی ١٩٨٢دا، لە زینداندا گڕی لە جەستەی خۆی بەردا. پێ دەچێ لای کەم، لەوساوە خۆسووتاندن نەریتێکی شۆڕشگێڕانەی پەکەکە بێ. مەگەر تەنیا خۆسووتاندن، کۆتایی بە خۆ بەدەستەوەدانە یەک لە دوای یەکەکانی ئاپۆ بهێنێ، بەڵام ئەوێ کە هەموو هەوڵی بۆ ڕزگارکردنی خودی خۆی بێ، گەلێ لەوە ناسکترە، بیر لە خۆ ڕووشاندنیش بکاتەوە.
شانی هیچ سەرێکی کورد لە بواری سووک سەرنجدانی ژندا، ناگاتە داوێنی ئۆجالان، بریا شانی ئەو سەرکردە دیلە، لە بواری خۆڕاگرتندا، دەگەیشتە داوێنی لەیلا زانا.

2000. 01. 14


KOÇER www.dengekurd.com

بە پێی ڕێککەوتننامەی واشنگتۆن، دەبوو هەڵبژاردن لە سەرەتای تەمموزی ساڵی ڕابردوودا ئەنجام بدرێ. بەوەدا لای ئێمە وەخت ئەو بایەخەی نییە، ئەگەر لە کۆتایی تەمووزی ئەمساڵیشدا، ئەو خەوە بێتەدی، ئەوا هەر شوکرانەی دەوێ. هێمن زۆر بە هەڵەدا چووە، کە دەڵێ: ‹لە نێو کوردا نەبوو پەیمان شکاندن...› ڕاستییەکەی پەیمان شکاندن بەشێکی گرنگە لە کولتووری ئێمە.
جاران ی. ن. ک، پەکەکەی وەکوو کارتێ بۆ گوشار خستنە سەر پارتی بە کار دەهێنا، ئێستا ئەو کارتە گەلێ لەوە بێبایەختره کە ئەو ڕۆڵە وازی بکا. کارتی ئێرانیش بوو بە فەڕ و بەسەر ئیسلامییەکاندا باری. کارتی گرتنی هەولێریش هەر زوو سووتا. هەموو ئەو بارگیرانەی یەکێتی بلیتیان لەسەر دەبڕێ،، یەک لەدوای یەک دەگلێن.
تا ڕێکەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی دوا بکەوێ، مێگەلەکە لە یەکێتی دوورتر و لە پارتی نزیکتر دەکەوێتەوە. بەوەدا دۆست و دوژمن و دەر و دراوسێ دەرکیان بەم ڕاستییە کردووە و کەچی یەکێتی هەر پاڵێ لێ داوەتەوە، پێ دەچێ بڕیار لە دەستی خۆیدا نەبێ، یان خۆی دوژمنی سەرەکیی خۆی بێ.
تا گۆمی پێوەندیی نێوان پارتی و یەکێتی لێڵتر بێ، ڕەوتە ئیسلامییەکان، هەلی مەلەکردنی لەبارتریان بۆ دەرەخسێ. دەر و دراوسێش سووک و ئاسانتر دەتوانن دەست لە کاروباری ناوخۆی کوردستان وەربدەن. بەوەدا بەشێکی گرنگ لە ئەندامانی شاندی یەکێتی بۆ کۆبوونەوە دووڤۆڵییەکان، لە کەسانێک پێک دێ، کە لەناو خودی ئەو لایەنەدا قورساییەکی ئەوتۆیان نییە، پێ دەچێ ی. ن. ک ئومێدێکی وای بەو کۆبوونەوانە نەبێ.
یان بەوەدا یەکێتی نە ڕێز لە ئیمزای سکرتێرەکەی دەگرێت و نە وابەستەی گفتی وەڤدەکانی دەبێ، لەوە دەچێ لە چەند تیرەیەکی ناکۆک پێک هاتبێ. تۆ بڵێی ڕەوتی کیسەڵ ئاسای ڕێککەوتننامەی واشنگتۆن، ڕەنگدانەوەی ئەم فرەتیرەییە بێ.
پێم وایە لە سەرکردایەتی یەکێتیدا چەند ناوەندێکی بڕیار بەدەست هەنە و هەر یەکەیشیان ڕووی لە هەوارێکە. ئاخۆ کەسی یەکەمی یەکێتی، تا کەی دەکارێ کۆنترۆڵی کێشە و ململانێکانی نێوان ئەو ناوەندانە بکا؟ بەوەدا ی. ن. ک زێتر لە میلیشاوە نزیکە وەک لە حیزب، ڕێی تێدەچێ شەڕی ساردی نێوان ناوندە جیاوازەکان، شێوازی گەرمیش بە خۆیەوە ببینێ.
یەکێتی بەو مەبەستەی بەشی شێری پێ ببڕێ، بە گڕ پەنجا بە پەنجادا چووەوە،


KOÇER www.dengekurd.com

بەڵام ئاش لە بەرژەوەندیی خەیاڵی ئاشەوان نەگەڕا و ئەو گۆڕانکارییانەی لەم
چوار ساڵەی دواییدا ڕوویان دا، لە قازانجی یەکێتی نەبوون. ئەگەر ی. ن. ک
واقیعبینانە سەرنجی ڕەوشی نوێی کوردستان بدات، نابێ ‹لای کەم حاڵی حازر›
بە هیوای نیوە بە نیوە بێ.
پێمان خۆش بێ یان نا، ئێستا داشی پارتی سوارە،، بەڵام واقیع بەردەوام لە
گۆڕاندایە. بۆ هەمووومان وا باشترە پابەندی ڕابردوو نەبین، چاو لە داهاتوویەکی
گەشتر ببڕین. با یەکێتی لە بری خەوبینین بە ڕابردووی پرشنگدارەوە، هەوڵی
ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی بدات، ئەگەرنا هاکا ئیسلامییەکان ئەو بەرە شڕەیشیان
ڕاکێشا، کە بە ئەستەم لە ژێر پێیدا ماوە.
لە سەروەختێکدا، کە لە ژێر چەتری نە شەڕ، نە ئاشتیدا، ئیسلامییەکان
گورجوگۆڵانە درێژە بە تیرۆر دەدەن و بەعسییەکانیش چاپووکانە سەرقاڵی
ڕاگوێزانن، خەمی سەرەکی و دەستبەجێی یەکێتی، دابەشکردنێکی عادیلانەی
داهاتی ئیبراهیم خەلیلە!

2000. 01. 17


KOÇER www.dengekurd.com

من قسە لەسەر وردەكارييەكانی فێڵەكانی ی. ن. ك لە هەڵبژاردنی شارەوانييەكاندا ناكەم. ئەوی بە دوای ئەو وردەكارييانەدا وێڵە، با پێوەندی بە هەردوو حيزبی شيوعی، كوردستان و كرێكارييەوە بكا، لای كەم ئەو دوو لايەنە دەوێرن، پەچەی سەر ڕووی ساختەكان هەڵبدەنەوە.

ماركس پێی وابوو، لە قۆناغی كۆمۆنيزمدا بەستەڵەكی جياوازييەكانی نێوان گوند و شار دەتوێتەوە. تا دوو هەفتە لەمەوبەر كەسانێكی زۆر ئەو پێشبينييەيەی ماركسيان بە زادەی خەياڵێكی نەخۆش دەزانی. نايشارمەوە تەنانەت منيش هەندێ جار ماركسم لێ دەبوو بە شاعيرێكی ڕۆمانتيك. سوپاس بۆ يەكێتی كە لە هەڵبژاردنی شارەوانييەكاندا، مافی دەنگدانی بە بەشێكی گرنگ لە گوندنشينەكانيش ڕەوا بينی، بەو هەنگاوەی خەوەكەی ماركسی هێنايە دی.

جاران بڕوام بە الطاهر وطار نەدەكرد كە دەيگوت: ‹ئەم هەفتەيە شەهيدان دەگەڕێنەوە،› باش بوو ڕەشەبای هەڵبژاردنی شارەوانييەكان تەمی ئەو گومانەيشمی ڕەواندەوە، كاتێ يەكێتی لێ گەڕا، نەك هەر شەهيدان، بەڵكو ئەنفالكراوان، مردووان و ئەوانەيشی وڵاتيان بەجێهێشتووە، بەشداری دەنگدان بكەن. يەكێتی بەمە ئەوەيشی سەلماند: ئەوی ڕۆژێ لە ڕۆژان لە سەنگەری ويدا بووبێ، لە سەروەختی هەڵبژاردندا فەرامۆشی ناكات.

لە هەر وڵاتێ لايەن يان سەرۆكێ، لە هەڵبژاردندا ڕێژەی لە سەدا نەوەد و نۆ و وێرگول نەوەد و نۆ بهێنێ، لەوێ ديموكراتی بوونی نييە. يەكێتی تەلبەندی سنووری دوژمنكردی ئەم ڕێسايەشی بەزاند و هەڵاوێردنێكی ‹إستثناء› مێژوويی لەم بوارەيشدا تۆمار كرد، كاتێ لە هەڵبژاردنی شارەوانييەكاندا لە سەدا سەد و وێرگول يەكی هێنا. ئاخر ژمارەی ئەو دەنگانەی يەكێتی بە دەستی هێنا، لە ژمارەی ئەوانەی مافی دەنگدانيان هەبوو، هەڵكشاوتر بوو. تۆ لەوەی گەڕێ لە سەدا چەند، دەنگی بە يەكێتی نەداوە و چەندی ديكەيش هەر بەشداری هەڵبژاردنی نەكردووە.

يەكێتی لە كاتێكدا ‹نامە›ی هەڕەشەی نانبڕينی بۆ ئەوانە دەنارد، كە گومانی ئەوەی لێ دەكردن دەنگ بە لايەنەكانی ديكە بدەن، پەيامێكی هێمن و دۆستانەيشی بۆ ڕژێمی عێراق نارد و لە دروشمی ڕووخاندنی سەددام، پاشگەز بووەوە. ئەم ‹عەشرەت هاوارە›ی سكرتێری يەكێتی، بێ وەڵام نەمايەوە و لە ڕێی ڕۆژنامەی ‹القدس العربی› يەوە، شێرەكوڕانی عەشیرەت:‹هاروون محەمەد و كوبەيسی› هەر زوو بە دەنگ هاوارەكەيەوە چوون و كارتی داوەتنامە بۆ بەغدايان


KOÇER www.dengekurd.com

بۆ ڕەوانە کرد.

پاسۆک یادی بەخێر، پێنجوێنی پێ ڕزگار نەدەکرا و داوای ئازادکردنی پێنج پارچەکەی دەکرد. ئەگەرچی ڕووخاندنی ڕژێمی بەغدا، یەکێک نییە لە ئەرکەکانی حیزبە کوردستانییەکان، بەڵام مانەوەی ئەو بەشەی کوردستان بەم شێوەیەی ئێستای، کە نە وڵاتە و نە بەشێکیشە لە وڵاتێک، لە گەڕانەوە بەرەو ئامێزی ڕژێم، گەلێ باشترە.

ڕاستە داهاتووی کوردستان ڕوون نییە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ لای بەغدا، چارەنووسی کورد لێڵتر دەبێ و پرسی کورد لە کێشەیەکی نێودەوڵەتییەوە، دەبێتەوە بە مەسەلەیەکی تایبەت بە عێراق. بەعس لە تەنگانەدایە، مێژوو لەوانە نابوورێ، کە بە هەر بیانوویەکەوە دەستی هاوکاریی بۆ درێژ دەکەن. ئەوی بۆی ناکرێ گوورێ بە ڕووخاندنی ڕژێم بدات، با لای کەم، ڕێز لە لەشکری خۆبەختکردووان بگرێت و نەبێتە کۆسپ لەو ڕێگە پیرۆزەدا.

2000. 02. 19


KOÇER www.dengekurd.com

مەلا بەختیار کە ناوبەناو مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی کۆدەکاتەوە و ئامۆژگارییان دەکا، کتێبێکی بە ناونیشانی ‹یاخی بوون لە مێژوو ١٩٩٨› لە وەڵامی بیرەوەرییەکانی ‹سەید کاکە›ی بە قەولی ئەو ‹نەخوێندەوار و دوور لە کاروانی ڕووناکبیری ل ٩›دا نووسیوە، تێیدا چەندین هەڵەی وای کردووە کە دەشێ لای کەم بکرێنە کەرەسەی ساتیرێ.

سکرتێری حیزبێ بەڵەدم کە دەینووسی: تێبینی، دەیکرد بە سێ لەتەوە: تێ بی نی، منیش یەکسەر ‹دی دی تی›م بیردەکەوتەوە. مەلا بەختیاریش کە خۆی بە نووسەر و زمانزانیش دەزانێ، لە نووسینی ناونیشانی کتێبەکەیدا هەمان ڕێبازی ڕەچاوکردووە، ئەویش: یاخیبوون کە یەک وشەیە، لە ناوەڕاستدا کردوویە بە دوو لەتی تا ڕادەیەک یەکسانەوە: یاخی لەگەڵ بوون.

چ قەیدی با سەرکردەیەک نەخوێندەوار بێ، کارەسات ئەوەیە ڕێبەر بێسەواد بێت و خۆی بە ڕووناکبیرێکی مەزن بزانێ!

مەلا بەختیار چارەکە سەدەیەک زێترە خەریکی خەباتی سیاسییە، خەڵکی خانەقینە کە لەوێ زمانی زاڵ عەرەبییە و چەندین جار لە چەندین حیزبدا گەیشتۆتە لوتکەی قوچەکەکەیش، کەچی جارێ لە ل ١٠٦ و جارێکی دیکە لە لاپەڕە ١٠٩ی کتێبەکەیدا، لەبری تەزکیە نووسیوێتی: تەسکیە!

یان دەنووسێ: ‹لە نەستی هەست پێنەکراوی خۆیدا ... ل ١٧٠› لە نێوان دوو کەوانیشدا لە بری نەستی هەست پێنەکراو، نووسیوێتی: اللاشعور. مەلایش هەندێ جار دەکەوێتە گۆمی هەڵەوە، ئەوەتا ئەمیش نەیزانیوە هەست: ‹شعور› و نەست: ‹لاشعور›ە و بە پێی تێڕامانەکانی دەبێ نەستی هەستپێکراویش هەبێ، ئەمەیش تازەگەرییە لە بواری دەروونناسیدا و لە فرۆید، یۆنگ، فرۆم و لاکان، تێپەڕاندنە.

ناوبراو واتای ‹زۆربەی موتڵەق› نازانێت و دەیشیخاتە ڕستەوە، باسی ساڵی ١٩٧٩ دەکات و دەنووسێ: ‹لە پارێزگای کەرکووک زۆربەی موتڵەق یەکێتی بوون. ل٢١٢› زۆربەی موتڵەق ‹ببوورن بۆ مەلا بەختیاری ڕووندەکەمەوە، دەنا دەزانم ئێوەی خوێنەر دەیزانن،› واتا: یەک دەنگ لە نیوە زێتر. بۆ نموونە ئەگەر ٢١ کەس بەشداری دەنگدان بکەن و یازدەیان دەنگ بۆ مەلا بەختیار بدەن، ئەوە مانای زۆربەی موتڵەقی لەگەڵە. وەک دەردەکەوێ ناوبراو زۆربەی موتڵەق، بە ‹الاکثریە الساحقە› تێگەیشتووە، کە بە مانای زۆربەی هەرە زۆر دێت.

هەروەها دەنووسێ: ‹لەناو جەرگەی دیمۆگرافیەتی خەڵکەکەیدا ... ل ٢٤١›



KOÇER www.dengekurd.com

* demography زاراوەیەکی ئینگلیزییە، بۆیە عەرەبییانە تەسریف ناکرێ.
* demo واتا خەڵک، graphy واتا: نووسین و وێنەکێشان.
* دیمۆگرافی واتا: زانیاری سەبارەت بە دانیشتووان و چۆنێتی پێکەوە ژیانیان و ئەو گۆڕینانەی بەسەریاندا دێت، لە بابەتی: لەدایکبوون، مردن و ژنهێنان.
* وەک بە ئاشکرا دیارە مەلا بەختیار مانای زاراوەکەی نەزانیوە، دەنا دەیزانی بیخاتە ڕستەوە.

محەمەدی حاجی مەحموودیش لە ‹ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک ١٩٩٨›دا ئەگەرچی کوردییەکەی لەوی مەلا بەختیار ڕەسەنترە، بەڵام بڕوای بە خاڵبەندی نییە و خوێنەر هەناسەی سواردەبێ ناگاتە وێرگولێک. هەندێ جاریش هەڵەی لە چەشنی ئەوانەی مەلا بەختیاری کردووە. بۆ نموونە دەنووسێ: (بە ڕاشکاوی خۆمان حەشاردابوو تا ئاشکرا نەبین. ل ٢٢٩› بە ڕاشکاوی دەڵێم نووسەر مانای بە ڕاشکاوی نەزانیوە، بێجگە لەمە ئینسان بۆیە خۆی حەشار دەدا تا ئاشکرا نەبێ، ئەگەرنا خۆی حەشار نادا.

محەمەدی حاجی مەحموود دەنووسێ: ‹شیروان شیروەندی لە مام جەلالی دابوو بزووتنەوە یاداشتێکی تێروتەسەلیان داینێ. ل٢٤٠› وای بۆ دەچم مەبەستی لە یاداشت، یادنامە و لە تێروتەسەل توندوتیژ بێ.

هەروەها دەنووسێ: ‹قادر جەباری و ئەبو شەهاب لە سەربانێک بوون سوتفە منیش چووم بۆ ئەوێ. ل٤٢٤› سوتفە: مەبەستی لە سودفەیە، کە بە کوردی دەبێ بە: بە ڕێکەوت.

کاکە حەمە وەکوو نووسیوێتی دوو شایەتی هەیە: ‹سوار ئاغا و عەزیز بەگ› کە ‹ڕۆژێکیان لە پڵنگان فەردەیە خەیاری خواردووە. ل ٣٠٦› ئەمە جێی باوەڕە، بەڵام ئەوە سەیرە لە ل٢٠ی کتێبەکەیدا لەبری ئاودەستخانە دەنووسێ:( W. C )
water بە مانای ئاو دێت و closet یش ئەو ‹خانە›یە دەگرێتەوە کە ئینسان دەستی تێدا بە ئاو دەگەێنێ. تۆ لەوەی گەڕێ کاکە حەمە ئەوانە دەزانێ یان نا، چونکە بە خەباتی خۆی فێری نووسین و خویندن بووە و خۆی بە زمانزانیش نازانێ، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا کوردێ بە ڕۆژێ فەردەیە خەیار بخوا، بە ئاودەستخانە دەڵێ: w. c؟

1999. 09. 06


KOÇER www.dengekurd.com

ڕووناکبیر: ئەوی ئەستێرەی جێپەنجەی بە ئاسمانی بوارێکی ڕۆشنبیرییەوە گەش گەش دەدەرەوشێتەوە و بەرهەمی دەبێتە هەوێنی گۆڕانکاری، نابێ سەر بە دەستەڵات بێ، نابێ سەر بە حیزب بێ و نابێ کوێرانە سەر بە جەماوەر بێ.
ڕووناکبیر دەبێ لە سەنگەری دژ بە دەستەڵاتدا بێ. نابێ بەو بیانووەی لە ڕێی دەستەڵاتەوە ڕاژەی میللەت دەکا، خۆی لە دەستەڵات نزیک بخاتەوە. دەبێ دژی زیندانی حیزب بێ، دەنا ناچار دەبێ، چاو لە هەڵە و ناپاکییەکانی حیزبەکەی بپۆشێ. دەنا حیزبەکەی ‹ڕەحمان› و شەیتان، ڕاست و چەوت، حەڵاڵ و حەرام، چاک و خراپ، سپی و ڕەشی بۆ دیاری دەکا. دەبێ لە پێش جەماوەرەوە بێ، دەنا لە قەڵەباڵغییەکەدا بزر دەبێ. دەبێ دژی دابونەریتی زاڵ و بیروڕای زۆربە بێ. دەبێ هەمیشە چاوی لە داهاتوویەکی گەشتر بێ. دەبێ بوێرێ چی بە ڕاست دەزانێ، بیڵێت.

*

کۆتایی ساڵانی حەفتا و سەرەتای هەشتاکان چونکە لە دەستەی بەڕێوەبەری نووسەراندا بووم، ناو بە ناو لەگەڵ دەستەڵاتداراندا ڕووبەڕوو دەبوومەوە. ئەو سەردەمە لە سلێمانی عەتییە شەنداخ بەرپرسی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بوو. ئەو کارە ئێستا مەلا بەختیار دەیکا. کە بەراوردی ڕەوتارەکانی شەنداخ و بەختیار بەرانبەر بە نووسەران و هونەرمەندان دەکەم، بە داخەوە هەڵوێستی شەنداخ جوانتر دەبینم.
شەنداخ پێی دەگوتین: دەزانم ئێوە دژی ئێمە دەنووسن، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەوەندە لاواز بین، بە شیعرێ یان چیرۆکێ بڕووخێین، سەرپشک بن، چی دەنووسن، بینووسن، با بڕووخێن، دیارە شیاوی ڕووخانین. مەلا بەختیار پێمان دەبێژێت: هەر نووسەرێکی سلێمانی بەرهەمی ئەدەبی لە گۆڤارێکی هەولێردا بڵاوبکاتەوە، ناپاکە.
کە مەلا بەختیار زیندانی بوو، ئەوە من بووم پێوەندیم بە ڕووناکبیرانی ئەورووپاوە کرد، تا بۆ ئازادکردنی گوشار بخەنە سەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەچی کە بە شوێنەکەی عەتییە شەنداخ بەختیار بوو، هێندەی لە دەستی هات، سووکایەتیی بە برا و هاوڕێ نووسەرەکانی من کرد!

*

هەڵوێستی ڕێکخستنی ی. ن. ک لە هۆڵاند، سەبارەت بەو کۆڕە ئەدەبییەی ماوەیەک لەمەوبەر لەوێ گێڕام، شەنداخانە بوو. تەنیا لە ماسولکە نیشاندان و


KOÇER www.dengekurd.com

چاو سـووركـردنەوەدا، خـۆی بـەرجـەسـتـە كـرد. بەو هیـوایـەی ڕۆژێ دابێ، ڕێكخستنەكانی دیكەی یەكێتی، بگەنە هەمان ئاست لە سنگفراوانی و تۆلێرانس و تەساموح.

2000. 02. 12


KOÇER www.dengekurd.com

دیموکراسی دوای جەنگی سارد، دوا ‹کتێب›ی مەلا بەختیارە، بێ ئەوەی بیخوێنمەوە، ڕەخنەی لێ دەگرم. ناواخنی کتێبە سێ سەد و قسوور لاپەڕەییەکە، بریتییە لەو قسە و باسانەی کە ناوبراو لە دوای ڕاپەڕینەوە لە زنجیرەیەک کۆڕدا، پێشکەشی کردوون.

نووسەر لەم کتێبەیدا بە ناوی سێ حیزبەوە قسەی کردووە: ئاڵای شۆڕش، زەحمەتکێشان ‹کە لە خانەقین بە جەڕعەزاب ناوی ڕۆیشتووە› و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەو ماوەیەی مەلا بەختیار لە سوێد بوو، لە ڕادیۆیەکی کوردیی ستۆکهۆڵمەوە، سێ جار وتووێژی لەگەڵدا سازکرا، هەر جارەی نوێنەری یەکێ لەو حیزبانە بوو.

لە ناوەڕاستی سوێددا شارۆچکەیەک هەیە، خەڵکی خانەقینی زۆر لێیە، کۆمەڵەی کوردیی ئەو شارۆچکەیە، تا ئێستا سێ کۆڕیان بۆ مەلا بەختیار چێ کردووە، لەو سێ کۆڕەیشدا هەر کەڕەتەی بە ناوی یەکێ لەو حیزبانەوە پەیڤیوە.

کەسم نەدیوە هێندەی مەلا بەختیار عاشقە کۆڕ بێ. هەر بۆیە یەکێتی کەڵکی لەم لایەنە گەشەی ئەم کادیرە چالاکە بینی و کردیە بەرپرسی کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕێکخراوانەی کە سەرقاڵی کۆڕگێڕانن.

ئەوانەی لە بواری سیاسەتدا چالاکن، دەبێ نەک هەر لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا بڕۆن، بەڵکە پێویستە پێشبینی داهاتوویش بکەن. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، کە یەکێکە لەو حیزبانەی لە دوای ڕووداوەکانەوەیە، نامیلکەیەکی بەو مەبەستەی بیسەلمێنێ، مەلا بەختیار ناسیۆنالیستە، نەک مارکسیست، نووسیبوو. تا نامیلکەکە بە ڕەوتی کیسەڵ ئاسا، بە هەناسەبڕکێ گەیشتە بازاڕ، مەلا بەختیار بە قەڵەمبازی ئاسک ئاسا، لە ئاڵای شۆڕشی مارکسیستی شۆڕشگێڕەوە، بە تونێلی زەحمەتکێشانی سۆسیالستدا، گەیشتە دیوەخانی ‹ینک›ی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز.

نەخت ـ شمەک ـ نەخت. خوری ـ ڕیس ـ خوری. یەکێتی ـ ئاڵای شۆڕش ـ یەکێتی. مەلا بەختیار ئەگەر جارانیش سەرقاڵی ئەم بەزمەی ئێستای بووایە، هەرگیز خۆی لە یەکێتی زویر نەدەکرد. ئەگەر لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتادا ئەو هەڵە کوشندەیەی نەکردبا، ‹خوا عالم ئەمێستاکە لە کام عەرشی دەسوو داوێن.› ماوەیەک لەمەوبەر ‹هەڵسەنگاندن›ێکی عەتا قەرەداغیم سەبارەت بە ‹لە کەناری دانوبەوە بۆ خەڕی ناوزەنگ›ی نەوشیروان مستەفا، خوێندەوە.* عەتا بەو نووسینەی دەرگای حوجرەیەکی نوێی لە ڕەخنەدا کردەوە، کە ڕەخنەی ماستاوی،


www.dengekurd.com

یان ماستاوەڕەخنە، پڕ بە پێستێتی. بەو مەبەستەی ئەدەبی ماستاو ساردکردنەوە، جێ بە ئەدەبی مەنفا، ئەدەبی بەراوردکاری، ئەدەبی زیندان، ئەدەبی بەرگری و ئەدەبی نامەکاری لێژ نەکا، لەمەو دوا ناو بە ناو ساتیرەڕەخنە دەنووسم.

2000. 05. 24

* کوردستانی نوێی ڕۆژی ٦ی ٢ی ٢٠٠٠

جێی سەرنجە نەوشیروان مستەفا ناونیشانی ئەو کتێبەی لە ‹نجفقلی پسیان›ەوە وەرگرتووە. ئاخر ئەو نووسەرە فارسە، نیو سەدە لەمەوبەر کتێبێکی بە ناونیشانی: ‹از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس›ەوە بڵاو کردۆتەوە، کە بە کوردی دەبێتە: لە مەهابادی خوێنینەوە تا کەنارەکانی ئاراس.


KOÇER www.dengekurd.com

جاران هەرچی عێراقچی بووایە، بۆ تیری یەکێتی دەبووە نیشانە. حاڵی حازر ‹حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق،› چونکە بانگەشە بۆ جیابوونەوەی کوردستان دەکا، ی ن ک گەڕی لێ ئالاندووە.
بەوەدا نزیکەی هەموو ئەندامەکانی حککع کوردن و لەگەڵ جیابوونەوەی کوردستانیش دان، بۆیە تا زووتر عێراقییەکە لە کلکی خۆی بکاتەوە درەنگە.
یەکێتی لایەنێکی نەتەوەییە، بۆیە ئاساییە کوردی سوریایش چالاکانە کاری بۆ بکەن، وەک عومەری شێخموس و یوسف زۆزانی دەیکەن. حککع لایەنێکی نێونەتەوەییە، بۆیە ئاساییە هەندێ ئێرانیش کاری تێدا بکەن. ئەوە جێی سەرنجە گوتاری سیاسی حیزبەکە و شێوەی ئاخاوتنی ئەندامانی تەواو لە گوتاری سیاسی و ئاخاوتنی کۆمۆنیستە ئێرانییەکان بچێ و تەنانەت لەوانەوە فێری خواردنەوەی چای ڕوونیش بووبێتن.
ئەوە حیزبی کرێکارانە، کە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە بکات و بەجۆرێ ڕەگوڕیشەی بە ناو چینی کرێکاراندا بڵاو بووبێتەوە، کە خەڵکی حیزبەکە و چینەکەی بۆ لە یەکدی جودا نەکرێتەوە. زۆربەی ئەو لایەنانەی لە کوردستان خۆیان بە حیزب دەزانن، ڕاستییەکەی گرووپ، تیپ، کۆمەڵەیەکی بچووک یان لە باشترین حاڵەتدا ناوکی حیزبن.
حککع جاڕی شەڕێکی ڕەوای داوە، بێ ئەوەی هیچ کام لەو کەرەسانەی دابین کردبێ، کە بۆ ئەو جەنگە پیرۆزە پێویستن. ئەوانەی پێیان وایە ناسیۆنالیزم پەڵەی شەرمە بە نێوچاوانی مرۆڤایەتییەوە، نابێ بۆ ڕۆنانی قەڵای سۆسیالیزم دەست لە ناسیۆنالیستەکان پان بکەنەوە.
ئەو گەمەی دیموکراسییەی لەژێر چەتری دەسەڵاتی ‹ینک›دا بەڕێوە دەچێ، خودی یەکێتی ڕێساکانی دیاری کردووە. ئەوی ئەو ڕێسایانە لەبەر چاو نەگرێ، مافی ئەوەیشی نییە بەشداری لەو گەمەیەدا بکات. حککع بەشداری لە گەمەکەدا کردووە، ئەوەتا ڕۆژنامە، ڕادیۆ و بارەگای ئاشکرای هەیە، کەچی ڕێز لە ڕێساکانی گەمەکە ناگرێ. ئەوی پێی وابێ یەکێتی سنگی هێجگار ئەوەندە فراوانە، لە ساویلکە بترازێ هیچی دیکە نییە.
هەڵەی کوشندەی حککع ئەوە بوو بەشداری لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا کرد. بەمە لە لایەکەوە دەستەکەی کەوتە ڕوو، کە حیزبۆکەیە نەک حیزب. لەو لایشەوە بەوەی بە ئاشکرا گومانی خستە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە، خوێنی خۆی بە تەواوی کردە کاسەوە. ئاخر یەکێتی لەبەر ئەوە خوێنی پاسۆکی حەڵاڵ کردبوو،


KOÇER www.dengekurd.com

چونکە مەنجەڵە یاپراخێ بەشی دەکرد.
یەکێتی ساڵی ١٩٨٣ قەسابخانەیەکی بۆ شیوعییەکان سازکرد، ئەوسا ڕووی کردە بەغدا. کە لە بەعس نائومێد بوو، قەسابخانەیەکی بۆ موجاهیدینی خەڵق سازکرد، ئەوسا ڕووی کردە ئێران. پێ دەچێ ئەمجارە سەری کۆمۆنیستە کرێکارییە عێراقییەکان بکاتە دیاری، کە هاوزەمان بۆ عێراق و بۆ ئێرانیش دەست دەدا.
بەوەدا ی ن ک لە چەندین قۆڵەوە هێرشێکی تۆکمەی دژی کۆمۆنیستە کرێکارییەکان دەست پێ کردووە، ئەگەر نیازی ئەنفالکردنیانی نەبێ، ئەوا لای کەم سەرقاڵی دەمکوتکردن و دەستەمۆ کردنیانە. پێم وایە ئەگەر ئەوانە کۆمۆنیستی هۆشیار بن، پێش ئەوەی یەکێتی بە زەبری ‹یاسا› ڕەوانەی ژێرزەمینیان بکا، دەست بە خەباتی نهێنی دەکەنەوە.

حاجی کەسێکە بێ کەس، بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ
گوێی لێ دەگرن زەریفە، ناگرن بەلا لە خۆتان.

2000. 03. 19


KOÇER www.dengekurd.com

لە شەست و شەشەوە ‹ی. ن. ک› هێندەی دەستی بە خوێنی کورد سوور بووە، نیو هێندە زیانی بە داگیرکەرانی کوردستان نەگەیاندووە، هێندەی پەلاماری لایەنە کوردییەکانی داوە، نیو هێندە بە گژ دوژمنانی کورددا نەچۆتەوە. سی ساڵە ئەو لایەنە بە دوو زمان دەپەیڤێ: بەرامبەر بە داگیرکەر: بە زمانی ماچ، بەرامبەر بە کورد: بە زمانی خوێن.

دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان نەماوە، یەکێتی بە کرێ کاری بۆ نەکردبێ. لە سەراپای کوردستاندا لایەنێکی کوردی نەماوە، یەکێتی پەلاماری نەدابێ. زۆربەی لاپەڕەکانی کتێبی مێژووی یەکێتی، بریتییە لە: ناپاکی و کوردکوژی.

خانی لە پێشەکییەکەی مەم و زیندا، دروست دەڵێی باسی سەرانی یەکێتی دەکا. لە سێ سەد ساڵی ڕابردوودا، نە هیچ میرێکی ناپاکی کورد، ئەوەندەی سەرکردەیەکی یەکێتی لە ئاستی داگیرکەردا ملکەچ بووە، نە هیچ خۆفرۆشێکی کوردیش، هێندە بەرامبەر بە میللەتی خۆی دڵڕەق و خوێنڕێژ نەبووە.

کە تەرمی عوسمانی قادر منەوەر بە ڕەزامەندی یەکێتی، بە مەبەستی بە خاک سپاردن، بۆ سلێمانی هێنرایەوە، دەیان هەزار کەس بەرەو گۆڕستان، شوێنی کەوتن. یەکێتی کە بە پێی لێکدانەوەی چەوتی خۆی، دڵی کوردستانی لە پدک خاوێن کردبووەوە، کە لافاوی جەماوەری بینی، هۆش لە کەللەیدا نەما، تووشی هێستریا هات و ژن، منداڵ، پیر و گەنجی بێچەک و تەنانەت تەرمەکەی عوسمانیشی بەر دەستڕێژ دا.

هەندێ جار کە بەراوردی نێوان بەعس و یەکێتی دەکەم، بەعس ئابڕوومەندتر دەبینم. بەعس بواری دا، تەرمی شێخ شەهاب، بەڕێزەوە بنێژرێ، کەچی یەکێتی تەرمی عوسمان و خەڵکی شاری سلێمانییان گوللەباران کرد.

یەکێتی لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٩٤دا، نە یەکەم جاری بوو خەڵکی بوێری سلێمانی بەر دەستڕێژ بدات، نە دوا جار. کە لە یازدەی مارسی ١٩٧٠دا بارزانی ڕژێمی بەعسی ناچارکرد، دان بە نۆکەرێتی جەلالییەکاندا بنێ، بە جۆرێ بالانسیان تێکچوو، بە بڕیاری نەوشیروان مستەفا، کە یەکێکە لە سەرکردەکانی ئەوسا و ئێستایان، ئاهەنگی کچانی سانەوی سلێمانییان نارنجۆکباران کرد.

بە خوێن تینووانی سەر بە یەکێتی، لە یەکی ئەیلوولی ١٩٩٤یشدا، ڕێپێوانی هێمن و ئاشتییانەی خەڵکی هەژار و بێ خانە و لانەی سلێمانییان دایەوە بەر ڕێژنەی گوللە و شاعیری چەوساوەکان: ئەبوبەکر عەلییان شەلاڵی خوێن کرد.

کوڕانی یەکێتی نەوەی شەرعیی جەللادانی بەردەرگای سەرای سلێمانین، وەچەی


KOÇER www.dengekurd.com

ئەو بکوژانەن کە لە شەشی ڕەشی ئەیلوولی ١٩٣٠دا، دەستیان بە خوێنی عەولە سیس و هەڵۆ بەگ سوور بوو. بەوەی سڵ لە کوشتنی خەڵکی بێ چەک و دیل ناکەنەوە ، تەمی گومانیان لە ڕووی ئەو ڕاستییە لابرد، کە بێچووی جەللادی دۆڵی مەرگ: زەعیم سەدیقن.
بەوەی یەکێتی پاسداری هێنایە کوردستانەوە، بیانووی دایە دەست بەعس، تا هەڵەبجە کیمیاباران بکات. کە بەعس ژاری خۆی ڕشت، پێشمەرگە ڕەوتار بەعسیەکانی یەکێتی شارەکەیان تاڵان کرد.
کاسێتی بەڕێکردنی تەرمەکەی عوسمانی قادر منەوەرم بینیوە، کە کوڕانی فوو لە دۆ نەکەر و کون لە جەرگدا نەبووی یەکێتی، خەڵکە بێ چەک و سنگ قەڵغانەکە بەر ڕێژنەی گوللە دەدەن، ژنێک بە هاوارێکی تێکەڵ بە گریانەوە دەڵێ: خەڵکینە بەعس تەقەی لە ژن نەدەکرد، یەکێتی ئەوەیشی کرد!
چەند شەرمە کورد بی و بەعسی بی، هێندەیش شەرمە، کورد بی و سەر بەو لایەنە بی، دەستڕێژ لە تەرمی شەهید ، قەڵەمی شاعیر و بزەی سەر لێوی کیژان دەکا.
ئەو ئافرەتە پێی سەیرە یەکێتی تەقە لە ژن بکا. لایەنێ نەیاری سیاسیی خۆی فڕێ بداتە تەندوورەوە، وەک لە کۆتایی ساڵانی شەستدا لە بەکرەجۆ کردی، زیندانی، ‹بۆ ئەوەی دان بە تاوانێکدا بنێ کە نەیکردووە› ئیغتیساب بکات، وەک لە ساڵی ١٩٩٤دا لە قەڵاچوالان کردی، بە تەور ئەندامی لەشی ئەندامی سەر بە ڕێکخستنەکەی خۆی بپەڕێنێ، دیل بکوژێ، لە ئۆرگانەکەیدا بە مەبەستی تۆقاندنی هاوولاتییان، پۆستەری زمان بڕین بڵاوبکاتەوە، ڕۆژنامەی نەیارەکەی بسووتێنێ و بە دەوری ئاگرەکەیدا هەڵپەڕێ، مافیا ئاسا سەرانە لە خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆی بسێنێ، مامۆستای زانکۆ بکوژێ و بفڕێنێ، بەعس ئاسا خەڵکی لە زێدی خۆی دەربکات، لەسەر خواستی داگیرکەر ڕادیۆی کوردی بخنکێنێ، دەستی بچێتە خوێنی حەمە کوڵەباڵ، نووری حەمەعەلی، عەلی بۆسکانی و محەمەد حەللاق، شەرم وشەیەکە لە فەرهەنگی لایەنی وادا جێی نابێتەوە. لایەنێ ناپاکیی پێ شەرم نەبێ، ئیدی هیچی پێ شەرم نییە و نابێ.
بەعس لە مێژ بوو هەوڵی کوشتنی عوسمانی دەدا، یەکێتی ئەو ئاواتە دێرینەی بەعسی هێنایەدی. لەوە دەچێ یەکێتی لە کوردستاندا تابووری پێنجەمی بەعس بێ ، ئەگەرنا بۆچی یەکە یەکە ئەرکەکانی بەعس بە وریاییەوە جێبەجێ دەکا؟
مێژووی کورد بەڕێزەوە ناوی شەهاب و ئارام دێنێ، بەلام ناوی گەلێ لە سەرانی ئێستای یەکێتی، لەو ڕووپەلەدا دەبێ، کە بۆ ناوی گەورە جەللادان و ناپاکە مەزنەکان تەرخان دەکرێ. دەشێ پارتی سبەی دەست بخاتەوە ناو دەستی یەکێتی، بەلام قەسابخانەکەی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٩٤ بە هەنیەی یەکێتییەوە،


KOÇER www.dengekurd.com

‹ئەگەر جێگەی پەڵەی دیکەی تێدا ببێتەوە،› پەڵەیەکی لە سڕینەوە نەهاتووە.
گەورەترین هەڵەی بارزانی ئەوە بوو، ساڵی ١٩٧٠ لە ناپاکان خۆشبوو. بیست ساڵە، نەک هەر تەنیا پارتی، هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بە ڕووباری خوێن باجی ئەو هەڵەیە دەدەن.
بە دەگمەن کۆڵان و شەقامی شاری سلێمانی ماوە، یەکێتی خوێنی بێ تاوانێکی تێدا نەڕشتبێ. نازانم خەڵکی ئەو شارە چۆن دەتوانن بە ڕێدا بڕۆن و پێ بە گوڵاڵەسوورەی خوێنی هاوشارییەکانیاندا نەنێن! نازانم کە هاتمەوە سلێمانی، چۆن ڕێ بکەم و پێ بە پەڵەخوێنی حەمەکوڵەباڵ، نووری حەمەعەلی، عەلی بۆسکانی، ئەبوبەکر عەلی و ئەو شەهیدانەدا نەنێم کە بە دوای تەرمەکەی عوسمانی قادر منەوەرەوە بوون!

1995. 11. 16


KOÇER www.dengekurd.com

محەمەد حەللاق ببوورە، من لە یادی ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی تۆدا، هیچی وام نەنووسیوە. چی بنووسم؟ بنووسم: هاوڕێ بە ئەو پەڕی دڵنیاییەوە، لە ئامێزی خەوێکی هێمن و قووڵدا بسرەوە و پێڵووی ئارام لێک بنێ و خاترجەم بە، هاوڕێکانت لەسەر هەمان ڕێگەی پیرۆزی تۆ، بەرەو هەواری مەبەست، بە هەنگاوی پتەو، بە ڕێوەن!

بنووسم: گەرچی بە فەرمانی جەللاد مۆمی چاوی گەشت کوژێنرایەوە، بەڵام ئەو مەشخەڵەی هەڵتکردبوو، بە دەستی هاوبیرەکانتەوە هەر بڵند و گەش دەگڕێ!

بنووسم: ئەگەرچی تۆ بە لەش بزربووی بەڵام وەک هزر هەمیشە ئامادەیت و ڕۆژانە ڕێنوێنیمان دەکەی!

بنووسم: خاکەنازی ڕەوتی دڵڕەقی ژیان، بکوژانی تۆ وەک چەند مشکێکی تۆپیو، بە شوێنی شیاوی خۆیان، بە سەرەنوێلکی مێژوو شاد دەکات! چی بنووسم: دێڕێک شیعر لە بابەتی:

بای ئەجەل هاتو لە ناکاو دەفتەری ژینی دڕیم
تاکوو دوێنی خونچە بووم، ئەمڕۆ بە ناهەق هەڵوەریم!

یان شیوەنە شیعرێکی درێژخایەن، لەوانەی شاعیری پیاوکوژان بۆ جەللادە بە ڕەوا کوژراو و بە ناهەق زیندووەکانی دەنووسێ!

چی بنووسم؟ باسی خەباتی وچان و ماندوویێتی نەناس و قوربانیدانی دایکت و برات و خۆت و کەسوکارت؟ باسی ئەوەی چۆن هەر لە مێردمنداڵییەوە هەستت بە چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی کرد و لەبری تەواوکردنی خوێندن، ڕێگەی تێکۆشانت گرتەبەر؟

چی بنووسم؟ باسی ئەو لوتکە و بنار و دەشت و دۆڵانەی، کە هەر یەکەیان ئاگاداری ڕووپەلێکی دەفتەری ژیانی پڕ لە سەروەریتن!

چی بنووسم! بنووسم: وەک هەڵۆ بە دەم فڕینەوە ماڵئاواییت لێ کردین و تا دوا پەڕەی هەناسەت لە گوڵباخی سییەکانت جوێ بووەوە، گەردنت وەک هەیبەتسوڵتان هەر بڵند بوو!

بنووسم: تۆ گەرچی لە کۆشی میللەتێکدا پەروەردە بووی کە هەر لە باوەژنێکی دڵئاسنین دەچوو، کەچی هێندە بەئەمەک و لەخۆبوردوو بووی، هەمیشە ملت لە چەقۆ دەسوو! بنووسم: دڵنیام سبەینێ لە ناوەندی کۆیەدا پەیکەرت دەبینم!

ئای گوتن و نووسینی ئەو قسە سواو و پفدراوانە، لای کادیری قاچاخچی و نووسەری چەرچی چەند ئاسانن. ببوورە محەمەد حەللاق من هیچی لەو بابەتەم


KOÇER www.dengekurd.com

بۆ نەنووسیوی، ببووره ناتوانم گزی لە خودی خۆم و یاری بە هەستی دۆستانی تۆ بکەم.

من نازانم تۆ چۆن کوژرای، بەڵام دەزانم بۆچی کوژرای. تۆ لەبەر ئەوە نەکوژرای کە لە حیزبێک یاخیبوویت و یەکێکی دیکەت پێکەوە نا. لەبەر ئەوە نەکوژرای کە هەڵگری فلان یان فیسار ئایدۆلۆژیا بووی. کوشتنی تۆ لە تۆڵەی کەسیشدا نەبوو، کوشتنی تۆ لەبەر تاقە هۆیە بوو: قایل نەبووی خۆت بفرۆشی، بۆیە کوژرای.

ئەگەر جەللادەکەت توانیبای گەنجینەی دڵت تالان بکات، نەیدەکوشتی، توانیبای شابازی ڕۆحت کەوی بکا، نەیدەکوشتی. توانیبای جووتی نقێمی مرواری، لە جێی گلێنەی چاوانت دابنێ،«*» نەیدەکوشتی. توانیبای بە درەختی کەڵەگەتی باڵای وەرتدا هەڵبگەڕێ و تاقە گوێزێ لێ بکاتەوە، نەیدەکوشتی. نەیدەکوشتی و دەیشیکردی بەوەزیری دەستە ڕاستی.

لە کوێی شێخی مەزن لە کوێی، کەی تیغی زمانی شیعر لە وەچەی مامەغەفوورت دەخەیە کار؟ لە کوێی مەلای گەورە لە کوێی، کەی شەستەبارانی نەفرەت، بەسەری نزم و شۆڕی ئەوانەدا دەبارێنی، ڕێگای ڕاستیان لە میللەتە شادینەدیوەکەت گۆڕی؟ ئەی حەزرەتی حاجی قادر دەتبینم شەرم دایگرتووی!

دیارە زانیوتە بکوژی ڕاستەقینەی محەمەد حەللاق، یەکێکە لە هاوزێدەکانت!

1996 . 10 . 30

«*» ئەمەل دەنقەل.


KOÇER www.dengekurd.com

<سەبارەت بە گیان پرسیارت لێ دەکەن، بڵێ: ئەوەیان کاری خودایە.> ڕۆشنبیر بەم وەڵامە قایل نابێ و دەپرسێ و گومان دەکا. ڕۆشنبیر: کەسێکە بوێر و چاونەترس، ڕەخنەی ڕووخێنەر لە دەسەڵات بە هەر شێوەیەک خۆی بنوێنێ، دەگرێ. یاسا و بیری سەردەم بەسەرچوو ناپەرستێ، هەوڵی جوانکردنەوەیان نادا، تێکیاندەشکێنێ.

ئەوانەی گۆرانی بۆ تەور دەڵێن، با بە ڕووکەش لە ڕۆشنبیریش بچن، بەڵام لە ناخەوە پۆلیسن، ڕۆشنبیری ڕاستەقینە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە پشتگوێ خراوە و غەزەبی لێ گیراوە، چونکە فەرمان لە کەسەوە وەرناگرێ، دەرۆزە لە دیکتاتۆر ناکا، دەست ناخاتە ناو دەستی جەللادەوە، گوڵ لە بەرۆکی سوڵتان نادا، بەرژەوەندیی خۆی لەبەر چاو ناگرێ، هەمیشە سەنگەری بەرامبەری لە خاوەن دەسەڵات گرتووە، دژی نەریت و کولتووری باوە، هەمیشە ڕاستیی دەبێژێ و دەزانێ هەر لە ڕاستیگوتن کەوت، گەڵای ژیانی دەوەرێ.

یوسف سائیغ تا تەمەنی لە نیو سەدەیش تێدەپەڕێ هەر <کۆمۆنیستە،> لەناکاو دەبێ بە بەعسی. هەیە بە دوای چارەکە سەدەیەک عێراقچێتی، چادری کوردستانی بوون هەڵدەدا. هەیە بە نووسین: هەڵگری بیری نەتەوەییە، بە کردەوە: هەڵگری جانتای مەزنترین ناپاکە. ئایا ئەوانە ڕووناکبیرن؟ یان کە قیژە و هاواریان دنیا پڕ دەکا، تەنیا لەبەر ئەوەیە سەرکردەیەکی ولاتفرۆش گوێی لە دەنگیان بێت و ئیشێکیان پێ بسپێرێ؟ ڕەهبەر جەلال لەوانە نەبوو، ئەو خەوی بە کوردستانێکی ئازادەوە دەبینی.

هەیە بە نووسین: لە مێژە مۆدێرنیستەکانی بەجێ هێشتووە، کەچی دەست لە سەرەک تیرەیەک پان دەکاتەوە، یان سەرزارەکی دژی تاڵانکردنی سامانی کوردستانە، کەچی بەو سامانە دزراوە گیرفانی گەرم دەبێتەوە. یان بە ئاشکرا خوڕخوڕ فرمێسک بۆ هەڵەبجە دەڕێژێ و هێندە بە گەرمی دەگری بە کەس ژێر ناکرێتەوە، کەچی بە نهێنی دەست لەگەڵ ئەوانەدا تێکەڵ دەکا کە لە ژێر تەمی تەڵخی گازی ژەهراویدا هەڵەبجەیان تاڵانکرد.

پەپوولەی شەیدا لە دەوری گڕ دەگەڕێ، گەردوونی شەیدا <برایانی سەفا گوتەنی> لە دەوری خوا دەگەڕێ، ڕەهبەریش پەپوولەیەک بوو شەیدا، مۆمی وی کوردستان بوو، بە ئەوینێکی خواییەوە لە دەوری دەگەڕا. ئەو هونەرمەندێک بوو یەک ڕوو، قسەی ناخی دڵی و سەر زاری یەک بوو. کوردستانی دەپەرست، هەمیشە لە پەرستگای ئەوینی نیشتماندا، خەریکی نوێژی خۆشەویستی بوو.


KOÇER www.dengekurd.com

لە تاریکستانی کوردستاندا ڕەهبەر گەشبین بوو، هەمیشە لە هەوڵی ڕۆشنکردنەوەی دواڕۆژی کورددا بوو، لە ڕێی بەدیهێنانی تروسکەیەکی ئەو هیوایەدا، ژیانی مۆمێ بوو هێدی هێدی دەتوایەوە. لوتکەی ئاواتی ئەوە بوو: پێش مەرگی تۆزقاڵێ لە چارەنووسی گەلەکەی دڵنیا بێ.

ڕەهبەر گەرچی لە چل ساڵ زێتر ژیا، کەچی هەتا مرد هەر منداڵ بوو. بروام بەو هونەرمەندە نییە هەتا دەمرێ بە منداڵیی نەمێنێتەوە، با سەد ساڵیش بژی.

ڕەهبەر ترسی نەدەناسی، لەگەڵ ڕاستگۆییدا دۆست بوو، چی بە ڕاست زانیبا ئەوەی دەگوت، بە چاو پۆشین لە بەرژەوەندیی خۆی، بێ گوێدانە دڵی فلان سەرکردە یان فیسار حیزب. ڕەهبەر سپی بوو وەک بەفر، پاک بوو چەشنی تریفە، ڕوون بوو مینا کانیاوی چنارۆک. ئەو هەوێنی خاوێنیی بوو.

کە دەهاتە گۆ، کە دەینووسی نەی دەویست پشتی کەس لە زەوی بدا، نیازی بە درۆخستنەوەی کەسی نەبوو، تەنیا خوازیاری ئەوە بوو، ئەو ڕاستییانە بڵێ کە دەیانزانێ. ڕقی لەوانە نەبوو کە دژیان دەوەستایەوە، مەرج نەبوو ئەوانەیشی خۆشبوێ کە لایەنیان دەگرێ، ڕەهبەر قینی لە درۆ بوو، ڕاستیی خۆشدەویست.

ڕەهبەر چی دەویست ئەوەی دەگوت، ئەوەی دەنووسی و وێنە دەکێشا، ئەو خەڵکەیشی سەرپشک کردبوو، جنێو یان گوڵ بارانی دەکەن. ڕاستییەکان لە گیانەڵڵادا بوون، ئەو هەوڵی بە زیندوویی ڕاگرتنی دەدان. نەدەچوو درۆبکا بۆ ئەوەی پێی بژی، ڕاستیی دەگوت و دەیزانی دەشێ لەسەری بکوژرێ. دەیزانی وەک چۆن ئیسلام دەستی دز دەبڕێ، دەسەڵاتداری هاوچەرخیش لەسەر بیروڕای سەرکێش، سڵ لە بڕینی زمانی ڕووناکبیر ناکاتەوە. چونکە ڕۆحی ڕەهبەر هێلانەی مەلی بوێریی بوو، تا هەرەسی وشکەکەڵەکی ژیانی، زمان ، قەڵەم و فڵچەی هەر ئاسمانی فڕینی کۆتری ڕاستگۆیی بوون.

بەرهەمەکانی لە سەرچاوەی دڵییەوە هەڵدەقوڵان، بۆیە خودی ڕەهبەر لە هەناویاندا بە زیندوویی دیار بوو. کەم نین ئەوانەی پێیان وایە: بەرهەمی هونەری شتێکە و ژیانی داهێنەرەکەی شتێکی دیکە، گرنگ بەرهەمە، بە چاوپۆشین لە هەڵسوکەوتی هونەرمەند، گرنگ بەرهەمی چاکە با خاوەنەکەیشی خراپ بێ. بە لای ڕەهبەرەوە کەسایەتیی هونەرمەند و هونەرەکەی وەکوو چاو و بینین وابوون . وای بۆ دەچوو لە ئینجانەی دەروونێکی ڕەشدا گوڵێکی گەش سەرهەڵنادا، بڕوای بە تەبایی نێوان گوتار و ڕەوتار هەبوو.

هونەرمەند دەبێ هەتا دەمرێ هەر یاخی بێ. ڕەهبەر بە هیچ دەسەڵاتێ کەویی نەکرا، لە ژێر دەواری تەنگەبەری ئەو لایەنانەدا کە هەر بە مەقاشی لە دایک بووبوون، هەڵی نەدەکرد و ئاسمانی هەموو کوردستان جێگەی فڕینی بوو. هەتا ژیا هەر خۆڕسک بوو، وەک هاژەی ڕووبار، هەر یاخیی بوو مینا شەپۆلی زەریا.

ڕەهبەر ڕقی لە چوارچێوە و لە سنوور بوو، بە تایبەتی لە دوو سنوور: سنووری زۆردارکردی نێوان بەشەکانی کوردستان و سنوور بۆ خۆشەویستی دانان. ئەو کوردستانی خۆشدەویست، خۆشەویستییەکی بێ سنوور، شەیدای گوتنی ڕاستیی بوو، ڕاستگۆییەکی بێ سنوور.

ڕەهبەریش نامۆ بوو، بەڵام نامۆیی وای لێ نەکردبوو پشت بکاتە ئەم ژیانە دژوارەو لێی هەڵێ، بەڵکو بە کێوێ ورەوە بەرەو ڕووی کارەسات دەبووەوە و بە مۆمێکەوە بە گژ شەوەزەنگی جیهاندا دەچووەوە.

1998. 03. 14


KOÇER www.dengekurd.com

## ئیبراهیم ئەحمەد

1964 - 1914

لە سەرەتای ساڵانی هەشتادا ئێمە کۆمەڵێ نووسەر بووین دژی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد وەستاینەوە. هەندێ لەوانەی بەدەم خواستەکەی بەعسەوە چوو بوون، ئێمەیان ناو نابوو: بەرەی ڕەفزی ساختە. ڕەئووف عوسمان سەر بەو بەرەیەی ئێمە بوو.

پێشتر ڕەئووف عوسمان ڕەخنەیەکی ‹شۆڕشگێڕانەی› لە شیعرێکی ئەنوەر قادر محەمەد گرتبوو، شاعیری ڕەخنە لێ گیراو، لە وەڵامدا نووسیبووی: ئەم ڕەخنەگرە هێشتا لە ژیانیدا سەد مەتر لە وەزیفەکەی دوور نەکەوتۆتەوە. بەوەی ‹١٠٠›ەکەی بە ژمارە و مەترەکەی بە ‹م› نووسیبوو، سەد مەترەکەم: ‹١٠٠م› وەک قولانجێ دەهاتە بەر چاو.

کە ئیبراهیم ئەحمەد لە هەشتی ئەپریلی ئەمساڵدا کۆچی دوایی کرد، ئیدی ڕەئووف عوسمان بە تیڤی و غەزەتە، بە کوردی و عەرەبی، ئەوەندەی زێدەڕۆیی لە ماستاو ساردکردنەوەدا کرد، سەد مەترەکە و ڕەفزی ساختەکەم بیر کەوتنەوە. جێی سەرنجە چونکە تازەکی فێری ئەو هونەرە بووە، بەسەر ڕۆڵەکەیدا نەک هەر زاڵ نییە، بەڵکە لە کاتێکدا کە سەرقاڵی شین و شەپۆڕە، بینەر یان خوێنەری سەربەقوڕ دێنێتە پێکەنین.

ڕەئووف عوسمان ئەوەندە شۆڕشگێڕ بوو، لە ژیانیدا تاقە جارێک بە شورەوی نەگوت: یەکێتی سۆڤیەت، لای ئەو هەر ڕووسیا بوو. دانی بەو وڵاتە زەبەلاحەدا نەدەنا، کەچی بەشێک لە ناوچەی سۆرانی، لە پێناوی دەستکەوتێکی گچکەی وەک سەرۆکایەتی ‹بنکەی گەلاوێژ›دا، پێ ‹دەوڵەت›ێکی زلهێزە! بە چاوپۆشین لەوەی چاوپۆشیکردن لە لەتکردنی باشووری کوردستان، ئاو بە ئاشی داگیرکەراندا کردنە.

ئایا مەحوی شاعیرێکی وەهبییە، یان کەسبی؟ بریا ڕەئووف عوسمان لە بری شیوەنی ساختە، قووڵتر و دوورتر بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارە ستراتیژییەدا دەگەڕا.

لە دڵسۆزیمەوە بۆ ماندووبوون، بەخشین و خەباتی هەمە لایەنەی ئیبراهیم ئەحمەد، دەڵێم: بریا لە ١٩٦٤ دا کۆچی دوایی کردبا! تا ئەو وەختە ژیانی لە هەموو بوارێکدا هەر هەڵکشان بوو، لەوە بە دواوە ئەم نسکۆ دەیدایە دەست ئەو گلان.

بەوەی یەکێتی ئیبراهیم ئەحمەدی لە ئێرانەوە بۆ سلێمانی بردەوە و بە زۆرەملێ،



KOÇER www.dengekurd.com

ڕژێمی بەغدا ئاسا، منداڵانی لەبەر ئەو بارانە بۆ پێشوازیی کردن لە تەرمەکەی چەندین سەعات ڕاگرت، سووکایەتی بە خەباتی باوکی گیانیی خۆی کرد.
یەکێتی لە سەر ئاستی جیهان هەڵمەتێکی فراوانی بەڕێوە برد، تا زۆرترین پرسەنامە، کۆ بکاتەوە. ئەوی دەنکە جۆیەکی ماڵی پاشای خواردبوو، پێوەندییان پێوە کرد و داوای ناردنەوەی پرسەنامەیان لێ کرد. جێی داخە یەکەمین پرسەنامە وەزیری ئیتیلاعاتی ئێران ناردی. قولاپی دوو پرسەنامەی دیکەیش کە لە هەمان شاری سوێدەوە بە ڕێ کرابوون، لە گەرووی ماسیی سەرنجم گیر بوو، یەکێکیان لە سلێمانی قەسابەوە و ئەوی دیکەیان لە ڕەفیق سابیرەوە بوو. یەکەمیان لە ڕاستگۆییەوە سەرچاوەی گرتبوو، دووەمیشیان لە ناو جەرگەی ڕیاییەوە هەڵقولابوو.

2000. 05. 26


KOÇER www.dengekurd.com

مەسعوود محەمەد داوا لە کوردی ئەورووپا دەکا: ‹ڕێز لە خانەخوێیەکانیان بگرن.› وەک هێشتا ئەورووپا لە تاریکستانی سەدەکانی ناوەڕاستدا بژی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فیۆدالی سەروەر بێ و ئێمەیش هەر یەکی لە دیوەخانی خانەدانێ لامان دابێ.
مارف خەزنەدار دەنووسێ: ‹کوردی ئەورووپا، کار ناکەن، لەسەر دەوڵەت دەژین. گوڵان ژ: ٢٨٠ ل٧٤ ڕۆژی ٢٥/٥/٢٠٠٠›
شێرزاد حەسەن دەڵێ: ‹کوردی ئەورووپا لەسەر سەدەقە دەژین. ڕێگای کوردستان ٢٢/٤/٩٨›
زۆربەی هەرە زۆری کوردی ئەورووپا، بە هێزی بیر و بازوو، خۆیان بەخێو دەکەن. یارمەتی کۆمەڵایەتی، شتێک نییە بۆ کورد داهێنرابێ. دەیان ساڵە هەر ئینسانێ لە ژێر ئاسمانی هەر یەکێ لەم وڵاتە ئەورووپاییانەدا هەناسەی دابێ، بە چاوپۆشین لەوەی خەڵکی وڵاتەکەیە یان نا، ژیانی بۆ دابین کراوە.
یارمەتی کۆمەڵایەتی وەک د. مارف بۆی چووە، دەوڵەت نایدات. لەم وڵاتانە ئەوە خەڵکە دەوڵەتیش بەخێو دەکات. ئەوە پەرلەمانە کە نوێنەری خەڵکە، مووچەی پاشا، سەرۆکی: کۆمار، حیزب و وەزیران، دیاری دەکات. لێرە ئەوی کار بکات، سێیەکی داهاتەکەی لە شێوەی باجدا بەو کۆمونەی لێی دەژی، دەدات. ئەو پارەیە بۆ ئاوەدانکردنەوە، خوێندنگە، نەخۆشخانە، خزمەتکردنی منداڵ و پیر و یاریدەدانی ئەو کەسانەی کە هێشتا دەستیان لە کارێ گیر نەبووە، تەرخان دەکرێ. دەوڵەتیش بەو باجە بەڕێوە دەچێ کە خەڵکی دەیدەن، هەر بۆیەش کەی ئارەزوویان لێ بوو، دەیگۆڕن.
هەر کەسێ پێویستی بە یارمەتی کۆمەڵایەتی هەبێ، وەریدەگرێ، بەڵام هەر کە کەوتە بازاڕی کارەوە، ئیدی لە داهاتی خۆی، دەیان هێندەی ئەوە دەداتەوە کە وەریگرتووە. بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی پەنابەر نزیکەی ساڵێ یارمەتی وەردەگرن، ئیتر هەر کە ئیشێکیان دەست کەوت، هەر لە ساڵی یەکەمی کارکردنیانەوە، لەوە زێتر دەدەنەوە، کە وەریانگرتووە.
بریا ئەو هێژایانە لەبری بریندارکردنی هەستی کوردی دوورەوڵات، لەبەر ڕۆشنایی ئەو مۆدێلەی لە مێژە لە ئەورووپا هەیە، خەریکی کۆششکردن بۆ دامەزراندنی بناغەی سیستەمێکی خزمەتکردنی کۆمەڵایەتی لە کوردستان، دەبوون.
‹بەختیار عەلی›ش دەبێژێ: ‹ڕۆشنبیر پیاوێکە کە دەتوانێ درۆ و ئەفسانەکان


KOÇER www.dengekurd.com

بشکێنێت. کوردستانی نوێ ٢٠٠٠/٦/١٤› لە ڕوانگەی ئەم پیاوەوە، تەنیا پیاو دەتوانێ ڕۆشنبیر بێ.

لەبەر تیشکی بۆچوونەکانی ئەو چوار بەڕێزەدا، گەیشتمە ئەو ڕاستییەی کە ڕۆشنبیر: پیاوێکە تفەنگ بە شەوەزەنگەوە بنێ.

2000. 06. 19



KOÇER www.dengekurd.com

لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا، بە چاوپۆشین لە ئایینی باو، ژن لە کۆیلەیش سووکتر سەرنجی دەدرێ، ئاخر خاوەن کۆیلە مافی کوشتنی کۆیلەی نەبوو، کەچی ئەوەتا لای ئێمە، هێشتا بە پێی یاسای سزادانی عێراق، کە تا هەنووکە لە کوردستانی ئازادیش رەچاو دەکرێ، ‹باوک مافی کوشتنی کچی خۆی هەیە.›

٢٣ی حوزەیرانی ١٩٩٩ باوکێک، کچەکەی لە ستۆکهۆڵمەوە بۆ دهۆک دەباتەوە، لەوێ لەبەردەم ئەم دووڕیانەدا ڕایدەگرێ: شوو بەو پیاوە دەکەی کە من بۆت دیاریدەکەم، باشە، ئەگەر نا، دەتکوژم. کە کچەکەی ئەو جۆرە شووکردنە ڕەتدەکاتەوە، ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٩٩ دەیکا بە قوربانی سێ فیشەک.

لەسەر ئەم تاوانە، لە کوردستان باوک و مامێکی کچە، ئەگەرچی بە دادگا دەدرێن، بەڵام سزا نادرێن. ئێستا دوو مامی کچە لە سوێد گیراون، باوکیشی لە کوردستان ئازادە. پۆلیسی سوێد نیازی وایە لە ڕێی پۆلیسی نێودەوڵەتییەوە داوای باوکی کچە بکاتەوە ، تا لە سوێد بە سزای ڕەوای خۆی بگات.

دیارە دادپەروەریی سوێدی لە بکوژانی ئەو کچە خۆش نابێ. لایەنی ‹گەش›ی ئەم تراژیدیایە ئەوەیە: ئیدی بۆ مرۆڤکوژانی کوردستان، وەک جاران ئاسان نابێ، کەی ئارەزوویان کرد، لە هەواری شارێکی ئەورووپادا بارگە بخەن. ئاخر حاڵی حازر بەشێک لەوانەی لە کوردستان، مافی مرۆڤیان پێشێل کردووە، خەڵکیان کوشتووە و بەشداری ڕەشەکوژییان کردووە، لە ئەورووپا بێ خەم دەسووڕێنەوە.

من نازانم کێ هەواڵی کوشتنی ئەو کیژەی بە پۆلیسی سوێد گەیاندووە، بەڵام دڵنیام کارێکی هەتا بڵێی چاکی کردووە. ئومێد دەکەم ئەم ڕچەشکاندنە خەڵکانی دیکەیش هانبدات، تا ئەو تاوانبارانەی دەستیان بە خوێنی کورد سوورە و ئێستا لە ئەورووپا ژیانێکی هێمن بەسەر دەبەن، بە دادگا بدرێن.

ئەگەر قەیسەریی ئەورووپا لە تاوانبارانی کوردستان، بکرێتە کونەمشک، بێ گومان ئەوسا، کوشتوبڕ بە شێوەیەکی بەرچاو لە وڵاتی ئێمەیش کەم دەبێتەوە. جێی داخ و شەرمە کەسوکاری چەندین قوربانی، جەللادانی باوک، برا، ژن، مێرد، کوڕ و کچیان دەناسن و دەیشزانن لە کام وڵاتی ئەورووپا دەژین و لێیان بێدەنگن! خەو بەو ڕۆژەوە دەبینم، ئەو تاوانبارە کوردانەی لە ئەورووپا دەژین، یەکە یەکە ڕابکێشرێنە بەردەمی دادگا.

بەسەرهاتی خێزانی ئەو کچە نۆزدە ساڵەیە، ئەوە سەد پات دەکاتەوە، کە ئەورووپا بۆ زۆربەی خەڵکی کورد، نەک هەر بەهەشت نییە، بەڵکو دۆزەخێکی ڕاستەقینەیشە. بەڕاست ئەوانەی لە دوای ڕاپەڕینەوە بە ویستی خۆیان، کۆچ


KOÇER www.dengekurd.com

دەکەن، بیر لەوە ناکەنەوە کە کولتووری ئەورووپا و کوردستان، لە یەکدی جیاوازن؟ تۆ بڵێی نەزانن ئەو دابونەریتەی لە کوردستان زاڵە، لە ئەورووپا لای کەم نیو سەدەیە سەردەمی بەسەر چووە؟ ئاخۆ بیر لە ململانێی نێوان ‹نەوە›کان ناکەنەوە؟

ئەوە پیاوانن بڕیاری کۆچ کردن دەدەن، کەچی ئەوە ژنانن، بە ژیانی خۆیان، باجی ئەو هەڵەیە دەدەن، کە خۆیان نەیان کردووە. ‹تاوان›ی ئەو کچە، وەک مامی بە پۆلیسی ستۆکهۆڵمی گوتووە، ئەوەیە: لاسایی کچانی سوێدی کردۆتەوە. ئەگەر باوکی کچە ‹پێنج ساڵ لەمەوبەر› لاسایی کۆچکردووانی نەکردباوە، کچەی بەستەزمان لە کوێ بۆی دەلوا لاسایی کچانی سوێدی بکاتەوە؟ ڕەنگە لە ژیانیدا کچێکی سوێدی لە دووریشەوە نەدیبا. بەو هیوایەی دەسەڵاتدارانی کوردستان، چی زووترە باوکی کچە ڕەوانەی سوێد بکەنەوە.

2000. 01. 24


KOÇER www.dengekurd.com

## بڕینی لووتی نڤار

کە لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا فەرهاد فەرەج تیرۆر و دواتریش هاوژینی مەلا ئەمین بە خەستی بریندارکرا، مام جەلال لە فیستڤاڵی ساڵانەی گەلاوێژی نوێدا گوتی: ‹تیرۆریستان دەناسین و هاکا دەستگیرمان کردن و بە سزای ڕەوای خۆیانمان گەیاندن.›

من بەش بە حاڵی خۆم دڵم هیچ بەو بەڵێنە شیرینە خۆش نەبوو. ئاخر پێشتر هەر لە زاری سەرانی یەکێتییەوە، دەیان گفتی لەو بابەتە بە خەڵکی درابوون، بێ ئەوەی یەکێکیان جێبەجێ کرابێ.

‹ی . ن. ک› وا ڕاهاتووە، هەر کە لە سنووری قەڵەمڕەوی خۆیدا کەسێ تیرۆر بکرێ، پەیمانی پێکەوەنانی کۆمیتەیەکی بێلایەن لە خەڵکانی شارەزا بۆ دۆزینەوەی تیرۆریستان بدات، بێ ئەوەی تا ئێستا یەکێ لەو تیرۆریستانە دەستنیشان کرابێ!

کە تا هەنووکە بکوژی فەرهاد فەرەج و ئەوی هاوژینی بەر ڕێژنەی گوللە دا، پڕ بە سییەکانیان شنەی ئازادی هەڵدەمژن، بۆ من مایەی سەرسامی نییە، ئەوەم بە لاوە سەیرە، یەکێتی ئەمجارە بە پێچەوانەی هەڵسوکەوتی ڕابردوویەوە، تەنیا بەوەی لێفەیەک بەسەر تاوانەکاندا بدات، قایل نەبوو، بەڵکو لەسەر خواستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، گۆڤاری نڤار، ئەوی هاوژینی مەلا ئەمین یەکێ بوو لە نووسەرەکانی، بە فەرمانی خودی مام جەلال ڕاگیرا و ئاسایشی سلێمانیش هەموو ژمارەکانی لە بازاڕدا کۆ کردەوە.

لە ژمارە هەشتی نڤاردا وتارێک بە ناونیشانی ‹ڕیشەی دەسەڵات لە قورئاندا› بڵاوکراوەتەوە، لە ڕوانگەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانەوە، نووسەری ئەو باسە، بە ڕاشکاوی دەیان کوفری کردووە، بۆیە لایەنی ناوبراو لە ١١ی ٣ی ٢٠٠٠دا بە نامەیەک داوای لە مام جەلال کردووە، لەو گۆڤارە و لە نووسەری ئەو وتارە: ‹مەلا ئەمینی سیانی› بپێچێتەوە. مام جەلال بەوەی ملی بۆ خواستی ئیسلامە ‹میانڕەوەکان› دا و لووتی نڤاری بڕی، ئەوپەڕی سووکایەتی بە ڕووناکبیران کرد و بە ئیسلامە توندڕەوەکانیشی گوت: دەستتان خۆش!

2000. 04. 12


KOÇER www.dengekurd.com

بەرهەمەکانم بەم ناونیشانە داوا دەکرێن:.
Hamasaeid Hassan
Vasa v. 20 B
641 32 Katrineholm
SWEDEN


KOÇER www.dengekurd.com

## بەرهەمی چاپکراوی نووسەر

**کۆمەڵە شیعر**
تاڤگە و بنار ١٩٧٨
سەمای گوڵاڵەسوورە ١٩٨٧
هەڵەبجە غەززەی خەمناکە ١٩٨٨
لە سایەی چەقۆدا ١٩٩٠
پەپوولە پاییزە ١٩٩٣
هاژە ١٩٩٦
نووسین بەبێ وشە ١٩٩٩
**ساتیر**
بۆ بازرگانانی ڕێگەی سوور ١٩٩١
دەفتەری بەرباخەڵی بیرەوەرییەکانم ١٩٩٨
هونەری ڕاوەژن ٢٠٠٠
**ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**
وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ١٩٧٩
ناوەڕۆک و شێوە لە چیرۆکی کوردیدا ١٩٩٢
سەبارەت شیعری هاوچەرخی کوردی ١٩٩٢
شیعر و هەڵوێست ١٩٩٤
یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟ ١٩٩٤
گۆرانییە باڵنەکراوەکان ١٩٩٤
شیعر و تەور ١٩٩٨
زەردەخەنەی هەنسک ٢٠٠٠
نامەیەک لە هەولێرەوە ٢٠٠٠
**وەرگێڕان لە سوێدییەوە**
کورتەی مێژووی سوێد ١٩٩١
کورتەی جوگرافیای سوێد ١٩٩٢
چاوشارکێ ‹چیرۆکی منداڵان› ١٩٩٣


KOÇER www.dengekurd.com

**حەمەسەعید حەسەن**

# نامەیەک لە هەولێرەوە


KOÇER www.dengekurd.com

# A LETTER FROM HAWLER

HAMASAEID HASSAN

# نامەیەک لە هەولێرەوە

## حەمەسەعید حەسەن

ڕووناکبیر دەبێ لە سەنگەری دژ بە دەستەڵاتدا بێ. نابێ بەو بیانووەی لە ڕێی دەستەڵاتەوە ڕاژەی میللەت دەکا، خۆی لە دەستەڵات نزیک بخاتەوە. دەبێ دژی زیندانی حیزب بێ، دەنا ناچار دەبێ، چاو لە هەڵە و ناپاکییەکانی حیزبەکەی بپۆشێ. دەنا حیزبەکەی ڕەحمان و شەیتان، ڕاست و چەوت، حەڵاڵ و حەرام، چاک و خراپ، سپی و ڕەشی بۆ دیاری دەکا.

ڕەخنەگر ئەگەر زاتی نەکرد بە ڕاشکاوی هەموو شتێ بڵێت، چاکتر وایە بێدەنگ بێت. هەموو دەسەڵاتێک ئەو بەرهەمانە پەسەند دەکا، کە ئاو بە ئاشی ئایدۆلۆژیای خۆیدا دەکەن، ڕەخنەگر نابێ گوێڕایەڵی دەسەڵات بێ، دەبێ دژی سەرکوتگەر بێ، ئیدی قەشە بێ، یان ئاخوند، سەرەکتیرە بێ، یان سکرتێری حیزب، پۆلیس بێ، یان دۆکتۆری دەروونناس.

Stockholm

2000

ISBN 91- 973944- 0-8

KOÇER www.dengekurd.com

KOÇER www.dengekurd.com

KOÇER www.dengekurd.com

KOÇER www.dengekurd.com

KOÇER www.dengekurd.com

KOÇER www.dengekurd.com